**پەیوەندی رامیاریی خەزەرەكان لەگەڵ هێزەكانی دەوروبەریان لەنێوان سەدەكانی (4ـ7ك / 10-13ز)**

**ID No. 905**

(PP 381 - 398)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.19

ئەژین هادی سعید
بەشی مێژوو،كۆلێژی ئاداب،،زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر
azhin.saeed@su.edu.krd

فائزة محمد عزت
بەشی مێژوو،كۆلێژی ئاداب،،زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر
fayza.izzat@su.edu.krd

**وەگــــــرتن :2023/01/29**
**پەسندكردن :2023/03/20**
**بڵاوكردنەوە :2023/10/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر (پەیوەندی رامیاریی خەزەرەکان لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەریان لە نێوان سەدەکانی)(4 ـ7ک /١٠ـ١٣ز)، هەرچەندە خەزەرەکان لە ئەم ماوەیەدا لە قۆناغی لاوازی دا بوون بە بەراورد بە سەدەکانی پێشوتر ، بەڵام ئەمە رێگری لێ نەکردن پەیوەندی رامیاری لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر دروست بکەن.

سەبارەت بە پەیوەندیان لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان جیاواز بوو لە ماوەکانی پێش سەدەی (٤ك/١٠ز)، چونکە پەیوەندیان ڕاستەخۆ نەبوو لەگەڵ خەلافەتی عەباسی بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی خەلافەت ، بەڵکو لەگەڵ ئەو وڵات و میرنشینانە بوو کە دەرکەوتبوون وەکو سەلجوقیەکان و خوارزمیەکان و میرنشینی شەدادی و خەلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس و ئەتابکیەی ئیلدکز.

پەیوەندیەکانی خەزەر لەگەڵ وڵاتە نا ئیسلامیەکان ، وەکو روسەکان کە لە سەرەتاکانی سەدەی(3ک/9ز) دەرکەوتبوون هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لاوازکردنی خەزەرەکان ، کە لە سەرەتای دامەزراندنی وڵاتەکەیان هەڵسان بە شەرکردن لەگەڵ خەزەر و فراوان بوون لەسەر حیسابیان ، بەڵکو توانیان لە ناوەڕاستی سەدەی (4ک/10ز) شارو پایتەختی خەزەرەکان داگیر بکەن

بەڵام پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (1ک/6ز) بەردەوام بوو تا کۆتایهاتنی دەسەڵاتەکەیان ، سەرەتا سروشتی پەیوەندییەکەش خۆی لە جەنگ و پەیمان و ئاگربەست و ئاوەدانی و هاوسەرگیری سیاسی دەدۆزییەوە ، دواتر لە سەدەی (٤ك /١٠ز)گۆڕانکاری بەسەر دادێت کە لە دۆستایەتی و دراوسێیایەتی دەبێتە دوژمنایەتی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین وڵاتی خەزەر هەر مابوویەوە تاکو دەرکەوتنی مەغۆل لەسەر شانۆی رووداوەکان لە سەرەتای سەدەی(7ک/13ز) کە دەستیان کرد بە فراوان خوازی بەرەو جیهانی ئیسلامی و لەناوبردنی وڵات و میرنشینێکی زۆر لە ئەوانیش وڵاتی خەزەر بوو، کە بووە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی مەغۆل، وە لە دوای مردنی جەنگیزخان و دابەش بوونی میراتەکەی وڵاتی خەزەر بووە بەشی جوجی خان و شانشینێکی لەسەر دامەزرا بە چەندین ناو ناسرا وەك : مملكة قفجاق، مملكة القبيلة الذهبية،جوجي الوسى، مملكة باطو، مملكة بركة، المملكة الشمالية، مملكة اوزبك.

**كليلى توێژینەوە**: خەزەرەکان، پەیوەندییە رامیارییەکان.

## پێشەکی

خەزەرەکان نەتەوەیەکن رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ خێڵە تورکە رۆژئاواییەکانی نیشتەجێ بووی حەوزی رووباری فۆلغا، توانیان پاش ماوەیەکی کورت لە دەرکەوتنیان لەسەرەتای سەدەی(1ک/6ز) ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دابمەزرێنن کە بەشێکی فراوانی خاکی روسیا و ئۆکرانیا و هەندێک بەشی قەفقاس تاکو دەریای خەزەر لە خۆ بگرێت، کە چەندین نەتەوەو گەل و خێڵ کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتیان ، نزیکەی حەوت سەدە فەرمانڕەواییان کرد ، لەو ماوەیەش دا رۆڵێکی رامیاری گرنگیان نواند کە شان بە شانی وڵاتە زلهێزەکانی دەوروبەریان(فارسەکان و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و خەلافەتی ئیسلامی)دابوەستن، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ دەوڵەت و هێزە ئیسلامی و نا ئیسلامیەکان دروست کردبوو ،کە خۆی لە شەرو ئاگربەست و هاوپەیمانی  و ژن و ژنخوازی و بازرگانی دەدۆزییەوە، هەرچەندە هەوڵێکی زۆر دراوە لەلایەن دوژمنانیان بۆ لەناو بردنیان ، بەڵام هەوڵەکانیان شکستی خواردووەو رووبەرووی پەرچدانەوەیەکی بەهێزی خەزەرەکان بوونەوە، بەڵکو خەزەرەکان هەنگاوێکی گەورەیان ناوە ئەویش هەڵبژاردنی ئایینی جولەکە وەکو ئایینی فەرمی دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان .

**1ـ 1 چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە :**

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەک و سێ تەوەرەی سەرەکی لەگەڵ ئەنجام ، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ دەوڵەت و هێزە ئیسلامییەکاندا کراوە ئەوانیش : سەلجوقی و خوارزمیەکان و میرنشینی شەدادی و خەلافەتی ئومەوی لە ئەندەلس و ئەتابکیەی ئیلدکز ، لە تەوەرەی دووەمیش باس لە پەیوەندی خەزەرەکان بە دەوڵەت و هێزە نا ئیسلامیەکاندا کراوە وەکو : روسەکان و بێزەنتییەکان ، هەرچی تەوەرەی سێیەمە تەرخانکراوە بۆ پەیوندی خەزەرەکان لەگەڵ مەغۆلەکان و کۆتای هاتنی دەسەڵاتی خەزەرەکان.

**1ـ 2 میتۆدەکانی توێژینەوە:**

دوو میتۆدی جیاواز بەکارهاتووە کە بریتین لە میتۆدی وەسفی و میتۆدی شیکاری ، بە بەکارهێنانی بەشێک لەسەرچاوە رەسەنەکان و ژێدەرەکان بە زمانی جیاواز .

**1ـ3 کێشەو گرفتی توێژینەوە:**

یەکێک لەو کێشانەی رووبەرووی بووینەوە لەم توێژینەوە، نەبوونی زانیاری پێویست لە سەرچاوە مێژووییەکان بەتایبەتی دەربارەی لایەنی سیاسی لەسەدەی (٤ـ٧ک/١٠ـ١٣ز)بە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی پێشتر ، هەروەها بەهۆی سەردانی نەکردنی جوگرافی ناسەکان بۆ ئەم وڵاتە و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە بارودۆخی خەزەرەکان .

**1ـ 4 گرنگی ئەم توێژینەوەیە:**

ئەوەی پاڵنەر بوو بۆ هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە بە ناونیشانی(پەیوەندی رامیاری خەزەرەکان لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەریان لەنێوان سەدەکانی (4ــ7ک / 10ـ13ز ) ئەوەیە تاکو ئێستا ئەم ماوەیەی مێژووی خەزەرەکان نەبوویتە جێ باسی توێژەران و مێژوونووسان ، بۆیە تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە گرنگە ، هەروەها بەشێکی گرنگە لە مێژووی هەرێمی قەفقاس.

**1ـ 5 شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بۆ ئەم توێژینەوەیە زیاتر پشت بەستراوە بەسەرچاوە ئیسلامیەکان ، بەتایبەت ئەو سەرچاوانەی لەسەر مێژوو جوگرافیای وڵاتی خەزەر نووسراون، لەپێش هەموویان پەرتوکی (المسالك والممالك) ی جوگرافی ناس (الاصطخري)(ت:346هـ / 957م)، ئەو یەکێکە لە جوگرافی ناسەکان کەوا هەڵساوە بە وەسف کردنی هەرێمەکان و دابەش کردنە ئیدارییەکان، ئاماژەی بەچەندین زانیاری گرنگ کردووە دەربارەی تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی ناوچەکان و سروشتی گەلان و ئاکارو روخساریان ، پاشان باسی هەریەک لە ناوچەکان دەکات کە شارو دۆڵ و دەریاو رووبارەکانیش دەگرێتەوە، هەروەها پەرتوکی (الكامل في التاريخ ) ی (ابن الاثير) (ت:630هـ/ 1232م)، سودێکی زۆری هەبوو بۆ ئاماژەدان بە رووداوەکانی نێو توێژینەوەکە لە ڕێگای چەند بەرگێکی پەرتوکەکە ، هەروا سوود وەرگیراوە لە هەردوو پەرتووکی (بغية الطلب في تاريخ الحلب) و(زبدة حلب في تاريخ حلب )ی(ابن العديم )(ت: 660هـ/1262م) کە جەخت دەکات لەسەر پەیوەندی خەزەرەکان بە سەلجوقیەکان ، سەرەڕای پشتبەستن بە ژێدرەکان وەك پەرتوکی (تاريخ يهود الخزر )ی دانلوب ، سەبارەت بە پەیوەندی خەزەرەکان بە دەوڵەتی ئومەوی لە ئەندەلوس .

**2 : پەیوەندی خەزەرەکان بە دەوڵەت و هێزە ئیسلامیەکاندا**

پەیوەندییەکانی نێوان خەزەرەکان لەگەڵ خەلافەتی عەباسی لەنێوان سەدەکانی (4ـ7ک/10ـ13ز) ڕاستەخۆ نەبوو بەپێچەوانەی سەدەکانی پێشوو , بەڵکو لەگەڵ ئەو نیمچە دەوڵەت و میرنشین و هێزە ئیسلامیانە دەبێت کە لەسەر خاکی موسڵمانان سەری هەڵدا بوو کە هەندێکیان گوێڕایەڵی خۆیان بۆ خەلافەتی عەباسی ڕاگەیاندبوو ، کە گرنگترینیان ئەم هێزانە بوون :

**یەکەم : پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ سەلجوقییەکان**

سەلجوقییەکان لقێکن لە غوز،کە لە کۆتاییەکانی سەدەی (4ک/10ز) کۆچیان کردووە بۆ شارەکانی دەورووبەری شاری (بخاری)(1) ، سەرەتا پەیوەندیەکی پتەویان هەبووە لەگەڵ خەزەرەکان کە (تقاق) باوکی سەلجوق سەرکردەیەک بووە لە سوپای خاقانی خەزەری ، لە پاش مردنی (تقاق) خاقانی خەزەر (سەلجوق کوڕی تقاق) دەباتە کۆشک لە ئەوێوە پەروەردە دەکرێت، بەڵام کاتێک گەورە دەبێت لەسەر ڕێچکەی باوکی ناڕوات کە ئەمەش دەبێتە هۆی نەگونجانی هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ بارەگای خاقان، بۆیە ناچار دەبێت دوورکەوێتەوە لە وڵاتی خەزەر(ابن العبري،1986،ص87).

مێژوونووس (ابن العدیم) هەمان بۆچوونی هەیە و ئاماژە دەكات كە سەلجوق یەكێك بووە لە گەورە پیاوانی توركە خەزەرەكان (د.ت،1980/4)، (كیستلر)یش دووپاتی بۆچوونەكەی دەكاتەوە دەڵێت:" ئەو پەیوەندییەی لە نێوان سەلجوقی و خەزەردا هەبوو پەیوەندییەكی دۆستانە بوو، بەڵام خێرا گۆڕا بۆ دابڕان ئەمەش بە هۆی هاتنی سەلجوقییەكان بوو بۆ سەر ئاینی ئیسلام (1991،ص132) ،كەچی (ابو علاء بن حسول) لە پەرتووكەكەی (تفضیل الاتراك) ئاماژە دەكات كە سەلجوق باپیری سەلجوقییەكان ڕكابەرایەتی كردووە لەگەڵ خودی پاشای خەزەرو بە شمشێرەكەی لێیداوە، لە ریوایەتێكی تر سینگەكەی(دبوس) لە دەست دابوەو وەشاندویەتی كە بە ماینەكەی پاشا دەكەوێت و ئازاری پێدەگات و پاشا فرێ ی دەداتە سەر زەوی و سەری دەشكێت(2020،ص ص49 ،50)بەڵام (ابن الأثیر) ئەم ڕووداوە بە شێوەیەكی تر دەگێڕێتەوەو دەڵێت:" ئەم رووداوە لەنێوان (تقاق) باوكی سەلجوق و پاشای تورك روویداوە كە پێی دەوترا (بیغو)" نەک لەگەڵ خاقانی خەزەر(8،236/1987)، كەچی (ابن العبري) باس دەكات كە (تقاق)سەركردەیەک بوو لە سوپای خەزەر كوڕەكەشی سەلجوق لە كۆشكی خاقان پەروەردە كراوە ، لە نێوان ئەو و خاقان ناكۆكی روویداوە و ناچار بووە دووركەوێتەوە لێی و روو دەكاتە رووبای سیحون و پاشان بۆ دەورووبەری شاری بوخاری(1986،ص87) .

هەرچۆنێک بێت سەلجوقیەكان لە كۆتاییەكانی سەدەی (4ك/10ز) ، روویان كردۆتە خاكی موسڵمانان پاشان زۆری پێناچێت هەوڵی فراوانخوازی دەدەن لەسەر حیسابی غەزنەوییەكان كە توانییان لە شەڕی نسا (426ک/1034ز)و دانداقان(432ک/1040ز)بەسەر سوپای (مسعود الغزنوي 389 ـ432 ك /998ـ1040ز) سەركەون و دەست بەسەر زۆربەی ناوچەكانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی دا بگرن و بنەمایەک بۆ وڵاتەكەیان دابنێن(ابن الأثیر،1987، 1/ 238ــ242 ؛ محمد، 2006،ص42).

كاتێک بارودۆخی بەغدا تێكچوو خەلیفەی عەباسی (القائم بأمرالله) (422ــ467ک/1030ــ1047ز)داوا لە (طغرلبك429ـ456ك/1037ـ1063ز)ی سەلجوقی دەكات رزگاریان بكات لە دەسەڵاتی بوەیهییەكان، ئەویش ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە و دەچێتە ناو بەغدا لە ساڵی (447ک/1055ز)(الحسیني،1983،ص19)، لێرەدا سەلجوقییەكان بەهێزتر بوون و هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتیان دەدا بەسەر ناوچەكانی ترو پاراستنی جیهانی ئیسلامی لە رووبەرووبونەوەی مەترسی دەرەكی، یەک لەو نەتەوانەش سەلجوقییەكان رووبەروویان بوونەوە خەزەرەكان بوون .

(ابن الأثیر) ئاماژە دەكات كە خەزەرەكان تاكو سەردەمی (ملكشاە 465ــ485ک/1072ــ1092ز) بەردەوام هێرشیان كردۆتە سەر خاكی موسڵمانان(1987، 194/9)، بەڵام كاتێک دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەكان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری دەربارەی ئەم هێرشانە بە شێوەیەكی گشتی لە ئەم ماوەیەدا، دەبینین كە سوڵتان (ألب أرسلان455 ــ465ک /1063 ــ1072ز) لە مانگی رەمەزانی ساڵی(456ک/1063ز) هێرشی كردۆتە سەر وڵاتی خەزەرو دەگاتە هەندێک شوێن كەوا هیچ كەسێک پێشووتر نەگەیشتووە بە ئەم شوێنانە و چەند شارێكیش رزگار دەكات و نزیكەی سی هەزاریشیان لێ دەكوژرێت و پەنجا هەزار كۆیلەشی دەست دەكەوێت، ئەمە جگە لە كۆمەڵێک دەسكەوت هەژمار ناكرێت پاشان بەسەركەوتووی دەگەڕێتەوە و روو دەكاتە شاری ئانی رۆمەكان و رزگاری دەكات(ابن العدیم ،د.ت،1982/4 ؛ سبط ابن الجوزي،2013 ،167/19 ؛ الذهبي،1993، 161/1)

بەڵام سەرچاوەكان هۆكاری ئەم هێرش كردنەیان روون نەكردۆتەوە ، پێدەچێت وەكو كاردانەوەیەک بێت بەرامبەر هێرشەكانی خەزەر بۆ سەر خاكی موسڵمانان، ریوایەتی دووەمیش (ابن العدیم) ئاماژەی بۆ كردووە كە خەزەرەكان یەكێک بووینە لەو نەتەوانەی لە پاڵ پاشای رۆم شەڕیان كردووە دژی سوڵتان (ألب أرسلان) لە شەڕی مەلازگرد لەساڵی (463ک/1073ز)(1996،ص177) كە ئەنجامەكەشی شكستهێنانی رۆمەكان و بەدیل گرتنی پاشاكەیان (أرمانوس) بوو لەلایەن سوڵتان و پاشان ئازادكردنی (أرمانوس) وە بەستنی ئاگربەستێک لە نێوانیان بۆ ماوەی پەنجا ساڵ (ابن الأثیر،1987، 389/8) ، پێدەچێت وڵاتی خەزەریش لایەنێک بووینە لە ئەم ئاگربەستە ، چونكە لەدوای ئەم شەڕەدا پەیوەندی نێوانیان باش دەبێت لەگەڵ سەلجوقییەكان تاكو ساڵی(514ک/1120ز) ئەمەش بەپێی ئەم ریوایەتانەی لەژێر دەستمان دایە كە گوایە كاتێک سوڵتان(ملكشاە) دەسەڵات وەردەگرێت ناوچەیەكی فراوانی دەكەوێتە دەست و پاشای خەزەر وەكو پاشاكانی رۆم و اللان(2) پیرۆزبایی لێدەكات(ابن الجوزي،16،309/1995 ؛ ابن كثیر،13،238/2015)،هەروەها ئەوەی زیاتر پەیوەندییە دۆستایەتیەكەیان رونتر دەكاتەوە بەخێو كردن و پەروەردەبوونی (سنجر كوڕی ملكشاە512ـ552ك /1118ـ1157ز) لە وڵاتی خەزەر(ابن الجوزي،1995، 21/18 ؛ سبط ابن الجوزي،2013، 447/20 ) ئەمە جگە لە ئەوەی كە سەرچاوەكان ئاماژە بۆ هیچ ناكۆكیەكی نێوانیان ناكەن تاكو ساڵی(514ک/ 1120ز) كە لە ئەم ساڵەدا دووبارە خەزەرەكان بە هاوبەشی لەگەڵ كەرەج و قەفجاق و نەتەوەكانی دراوسێ هێرش دەست پێدەكاتەوە بۆ

سەر خاکی موسڵمانان، کاتێک میرەکانی موسڵمانانی دراوسێیان بەم هێرشەیان زانی یەکتر ئاگادار دەکەنەوە و کۆدەبنەوە لە ئەوانیش میر(إيلغازي)(3) و (دبيس ابن صدقة)(4) و (طوغرل بن محمد527ــ529ك/1132 ــ1134ز) ، هەموویان کۆدەبنەوە کە ژمارەی سەربازەکانیان دەگاتە 30 هەزار بەرەو دوژمن بەرێ دەکەون لە نزیک تفلیس(5) لە بەرددەم دوژمن دەوەستن بۆ رووبەرووبوونەوە ، بەڵام لەناکاو دوو سەد پیاوی قەفجاق لە ڕێزی سوپای دوژمن دێنە دەرەوە،موسڵمانەکان وایان زانی ئەمانە شەڕ ناکەن بۆیە وریایی خۆیان وەرناگرن، ئەوانیش دەچنە نێوانیان و تیر هاوێژیان دەکەن بەمەش ڕێزەکانی سوپای موسڵمانان تێکدەچێت وایان زانی شکستیان هێناوە بۆیە ڕادەکەن ، لە ئەنجامی ئەمەدا قەڵەبالغی دروست دەبێت و موسڵمانان بەیەک دەکەون و ژمارەیەکی زۆریان لێ دەکوژرێت و بێ باوەڕانیش بەدوایان دەکەون و دەیانکوژن و چوار هەزار سەرباز بەدیل دەگرن ، بەڵام (طوغرل و ئیلغازو صدقة) ڕزگاریان دەبێت، بێ باوەرانیش دەگەڕێنەوە خاکی موسڵمانان تاڵان دەکەن و گەمارۆی شاری تفلیس دەدەن تاکو داگیری دەکەن لە ساڵی(515ک/ 1121ز)(ابن الأثير،1987، 194/9 ؛ ابن العبري،1992،ص ص 201، 202 ؛ الذهبي،2003 ،283/35).

پێدەچێت پاشای خەزەر ناوی داود بێت، چونکە هەندێ سەرچاوە ئاماژە دەکەن کە پاشایەکی خەزەر بەناوی داود لە ساڵی(516ک/ 1122ز) کۆچی دوایی کردووە لەسەردەمی ئەو شاری تفلیس کۆنترۆڵ کراوە(الأصفهاني،2002،ص325 ؛ الدواداري، 1982، 490/6) هەرچۆنێک بێت خەڵکی شارەکە هانا بۆ سوڵتان (محمود512ـ526ك/1118ـ1131ز ) دەبن کە ئەوکات لە شاری هەمەدان دەبێت، ئەویش بە هانایان دەچێت و سوپا ڕەوان دەکات و لە نزیک شماخی بە دوژمن دەگەن، بەڵام شەڕ روونادات چونکە ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان دوژمن روودەدات و پاشەکشە دەکەن بۆ وڵاتەکەیان(ابن الأثير،1987، 224/9 ؛ النويري،2004، 105/7)

(فايز نجيب أسكندر) پێی وایە یەکێک لە هۆکارەکانی لاواز بوون و رووخانی وڵاتی خەزەر سەلجوقییەکان بوو،کە ڕۆڵێکی بنەرەتیان هەبوو لە هەڵگەڕانەوەو جیابوونەوەی هەرێمە دراوسێیە ملکەچەکانی ژێر دەستی خەزەر کە باج و سەرانەیان دەدا پێیان و سنوریان دەپاراستن لە هێرشەکانی دەرەکی (1987،ص129)،بەڵام (أحمد كمال الدين حلمي) ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە سەلجوقییەکان هێزەک نەبووینە هاوسەنگی هێزی روسەکان بن تاکو ئەو ڕۆڵەیان هەبێت لە رووخانی وڵاتی خەزەر ، سەلجوقییەکانیش کاتێک جیابوونەوە لە پاشای خەزەر روویان کردە رۆژهەڵات و وڵاتی ئەودیوی رووبار پاشان خوراسان دوای ئەمەش دەستیان بە فراوانخوازی کرد بەرەو رۆژئاوا ئەم فراوانخوازیانەش هیچ گومانی تێدا نیە هێزی ناوەند (مركزي)سەلجوقییە لاواز دەکات ،ئەگەر ئەم هێزەیان هەبووایە کە ئاماژەی بۆ کراوە لە لاوازکردنی قەوارەی وڵاتی خەزەر ئەوە لە توانیان دا دەبوو قەوارەیەک لە رۆژئاوای دەریای قەزوین دامەزرێنن ، دواتر ئەم هێزەی هەبوو لە سەر رووباری فولغا بەس بوو لە رێگرتن لە فراوانخوازیەکانی سەلجوقییەکان لەم ناوچەیەدا(1986،ص ص 67ــ69).

**دووەم: پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ خوارزمییەکان**

خوارزم هەرێمێکی دابڕاوە لە خۆراسان، هەموو لایەنەکانی دەورە دراوە بە بیابان ،لای رۆژئاواو باکووری خاکی تورکستانە، لای باشوری خۆراسانە، رۆژهەڵاتی خاکی سەغدەکانە(الخوارزمي،2017،ص ص47، 48)

دانیشوانی هەرێمەکە زۆربەی هەرە زۆریان ڕەگەزیان تورک بووە چونکە لە سەدەی(1ــ 2ك/7ـ8ز) زۆربەی شارەکانی وڵاتی ئەودیوی رووبار تورک بووینە، ئەمە جگە لە بوونی کەمینەیەک لە ڕەگەزی ئاری و چینی و فارسی(أبي سعيد المغربي،1970،ص63 ؛ الخوارزمي،2017،ص55 )،ئەم هەرێمەلە ساڵی (93ک/711ز)فەتحکراوە لە سەر دەستی سەرکردە(قتيبة بن مسلم الباهلي).(6)

دەتوانین سەرەتای پەیوەندییەکانی خەزەرەکان بە خوارزم بگەڕێنینەوە بۆ سەدەی (2ك/8ز)بە پشت بەستن بە ریوایەتەکەی (المسعودي) کە ئاماژە دەکات زۆربەی دانیشتوانی شاری (ئیتل)(7) ی پایتەختی وڵاتی خەزەر موسڵمانن و سەربازی پاشان و ناسراون بە (اللارسيه) نەژادیان دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی خوارزم ، هۆکاری کۆچ کردنیان بۆ وڵاتی خەزەر دەگەڕێتەوە بۆ وشکە ساڵی و نەخۆشی کە ڕوویداوە ،هەروەها باسیان دەکات کە کەسی بەهێزو و بە توانا بووینە پاشا لە شەڕەکانیدا پشتی پێ بەستوونە ، پاشان ئاماژە دەکات کە ئەوان چەند مەرجێکیش دادەنێن بەسەر پاشای خەزەر ، یەکەمیان ڕێگایان پێ بدات لە پەیڕەو کردنی ئاینی ئیسلام و دروست کردنی مزگەوت، دووەمیان وەزارەت لە ئەوان بێت ، سێیەمیان هەر کاتێک پاشا کەوتە جەنگ لەگەڵ موسڵمانان ئەوان بێ لایەن دەبن و دەوەستن و شەڕ ناکەن دژی موسڵمانان ، بەڵام شەڕی بۆ دەکەن دژی هەموو نەتەوە بێ باوەڕەکانی تر ،

پاشان (المسعودي) درێژە بە قسەکەی دەدات کە لە سەدەی (4 ک/10ز) سەربازە موسڵمانەکانی پاشا حەوت هەزار کەس دەبن هەموو جۆرە چەک و پێداویستییەکیان هەیە(2005 ،138/1 ،139).

سەبارەت بە سەرچاوەکانی تر دەربارەی پەیوەندی خەزەر بە خوارزم ، تەنها ئاماژە بە یەک ریوایەت دەکەن ئەویش لە ڕووداوەکانی ساڵی(354ک/965ز) کە گوایە لە ئەم ساڵەدا هیزێکی تورک هێرش دەکاتە سەر وڵاتی خەزەر ، پاشاش هانا بۆ خوارزمیەکان دەبات یارمەتی بدەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان، بەڵام ئەوان داوا دەکەن بێنە سەر ئاینی ئیسلام، ئەوانیش ڕازی دەبن تەنها پاشا نەبێت کە دوای سەرکەوتن دەبێت بە موسڵمان(مسکویە،2003 ،248/6 ؛ ابن الأثیر،1987، 290/7).

هەرچەندە ئەم ریوایەتە چەند پرسیارێکی نادیاری لێ دروست دەبێت ، بەڵام ئەگەر پشت بە ریوایەتەکەی (المسعودي) ببەستین بۆ شیکردنەوەی دەبینین ئەم خوارزمییانەی پاشا داوای یارمەتی لێکردن دانیشتوانی وڵاتی خەزەر بووینە نەک هەرێمی خوارزم، ئەو نەتەوە تورکەی هێرشیشی هێناوە دەبێت موسڵمان بن ، بۆیە خوارزمیەکان شەڕیان نەکردووە و داوای ئیسلام بوونیان لە پاشاو دارو دەستەکەی کردووە کە جولەکە بووینە.

بەڵام (بارتولد) ریوایەتی بوونی خەزەر بە موسڵمان ڕەت دەکاتەوە، بەڵکو پێ ی وایە خەزەرەکان هەر لەسەر ئاینەکەی خۆیان ماونەتەوە کە خاقان و دارو دەستەکەی لە سەدەی (2ك/8ز) باوەڕیان پێهێناوە، کە ئەویش ئاینی جولەکەیە(1996،ص81 ).

هەرچۆنێک بێت ئێمە دەتوانین بڵێن بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە ژێر دەستمانە خەزەرەکان پەیوەندییەکی باش و دۆستانەیان لەگەڵ خوارزمییەکان دا هەبوو پشتیان پێ بەستوون لە بەڕێوەبردن و پاراستنی وڵاتەکەیان دژی دوژمن بە درێژایی مێژوویان .

**سێیەم : پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ میرنشینی شەدادی**

میرنشینی شەدادی لەسەر شانۆی ڕووداوە رامیارییەکان لە ساڵی (340ک/951ز)لە هەرێمی ئاران دەرکەوت(منجم باشي،1958،ص3 ؛ اللهیبي،2012،ص2)،کە وڵاتناسەکان ئەم هەرێمە جارێک لەگەڵ ئەرمینیا هەژمار دەکەن (إبن خرداذابة،1889،ص122 ؛ الانصاري ، 1865 ،ص189) وە جارێکیش بە هەرێمێکی سەربەخۆ (الادریسی،2002،ص820 ؛ یاقوت الحموی،1977 ،136/1)،بەڵکو دەبینین لە سەدەی (4ک/10ز) سەر بە ئازربیجان بووە لە لایەنی رامیاری(برتولد،1373 ،61/2) .

سنوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی ئاران دەریای قەزوینە و ڕۆژئاواشی ئەرمینیا و کەرەجە و باکوریشی زنجیرە چیای قەبق(قەوقاز) ڕووباری (الرس) باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی لە ئازربیجان جیادەکاتەوە(یاقوت الحموي،1977، 136/1) لە گرنگترین شارەکانی (برذعە(8) و دبیل(9) و کنجە(10) و بیلقان(11) والباب الابواب(12) (دربند) و تفلیس و ورثان(13)و بردیج و شمکور(14) و الشابران و باکو والشروان(15)) وهەندێک شاری تر(ابن حوقل،1992،ص294 ؛ الادریسی ،2002 ،ص820)،ناوی میرنشینی شەدادی دەگەڕێتەوە بۆ(شداد بن قرطق) باپیری میری شەدادییەکان کە نەژادی دەگەڕێتەوە بۆ کوردە رەوادییەکان(بوسورث، 1994 ،2/ 61 ؛ رسول،2001،ص72)، بناغەی ئەم میرنشینە (محمدی کوڕی شەداد) دایناوە لە شاری دبیل لە ڕۆژئاوای ئاران لە دوای بەدیل گرتنی (سالار مرزبان) خاوەنی ئازربیجان لەلایەن (رکن الدولة) لە ساڵی(337ک/948ز)(منجم باشی،1958،ص3 ؛ نیکیتن ،1998،ل525 ؛رسول،2001،ص65).

پەیوەندی میرنشینی شەدادی بە وڵاتی خەزەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میر (فضلون) ی یەکەمی شەدادی کە لە سەردەمی ئەودا خەزەرەکان لەساڵی(417ک/1026ز) هێرش دەکەنە سەر شاری شمکور و کۆنترۆڵی دەکەن(رسول،2001،ص92)، بەڵام میر (فضلون) ی یەکەم توانی دەریان بکات و ژمارەیەکیشیان لێ بکوژێت و دەست بەسەر سەربازگەکەیان دا بگرێت، پێدەچێت دەرکردنی خەزەرەکان ماوەیەکی زۆری خایاندبێت چونکە ئەوان گەڕانەوە وڵاتەکەیان لەساڵی (418ک/1027ز)(منجم باشی،1958،ص11 ؛ اللهیبي،2012 ،ص12 ؛ ,Minorsky 1968, p 21 ).

پاش سێ ساڵ دوای ئەم هێرشە لە ساڵی(421ک/1030ز)میر (فضلون)ی یەکەم بڕیاری هێرش کردنی دا بۆ سەر وڵاتی خەزەر، وەکو کاردانەوەیەک بۆ تۆڵەسەندنەوە لێیان و بەدیار خستنی هێزو توانای میرنشینەکەی تاکو هێرشی خەزەرەکان دووبارە نەبێتەوە بۆ سەر میرنشینەکەی، لە ئەم شاڵاوەشدا دەسکەوتێکی زۆری دەسکەوت لە ئەو شارە خەزەرییانەی ڕزگاری کردن،بەڵام خەزەرەکان بۆسەیەکی بۆ دادەنێنەوە کە لە ئەنجامدا شەدادییەکان لە بەرامبەرییان تێکدەشکێن و دەسکەوتەکانیشیان لە دەست دەدەنەوەو ژمارەیەکی زۆریشیان لێ دەکوژرێت کە بە پێی سەرچاوەکان مەزەندە دەکرێت لە دە هەزار جەنگاوەر زیاترە(ابن الأثیر،1987، 194/8 ؛ سبط ابن الجوزي،2013 ،360/8 ؛ الذهبي،2003 ،6/29)، دوای ئەم ڕووداوە خەزەرەکان هێزو شکۆی

میرنشینی شەدادیان بۆ دەرکەوت بۆیە بۆ بەرکەوتنیان لەگەڵ وڵاتی ئاران چیتر بە تەنیا پشتیان بەخۆیان نەدەبەست ،بەڵکو دەستیان کرد بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەرمەن و کەرەج دژی شەدادیەکان، وەک چۆن لە دوای ساڵی(448ک/1030ز) هێرشیان کردە سەر (ابي الاسوار الكردي) بەڵام نەیانتوانی شکستی پێ بهێنن (رسول،2001،ص92)، پاشان سەرچاوەکان بێدەنگ دەبن دەربارەی پەیوەندی نێوانیان و ئاماژە بۆ هیچ زانیاریەک ناکەن ، پێدەچێت چیتر ناکۆکی لە نێوانیان دروست نەبوبێت، ئەگەر ناکۆکیش هەبوبێت زیانی زۆر نەبووە شایانی باس کردن بێت.

چوارەم : پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ وڵاتی ئەندەلوس

پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (4ک/10ز) کە خۆی لە ئاڵوگۆڕکردنی نامە دەبینیەوە لە نێوان (حەسدای کوڕی شبروط)(16) وەزیری خەلیفە (الناصرالدين الله 316ـ 350ك/929ـ961ز) لە ئەندەلوس و یوسف پاشای خەزەر(المغربي،2002،ص،58).

(حاخام حەسدای) لە جولەکەکانی ئەندەلوس بوو کە پێیان دەوترێت (السفرديم)، ئەم ناوەش لە وشەیەکی عبرییەوە هاتووە ئەویش(سفاراد) ، ئەم جولەکانەش لە دانیشتوانی ئیسپانیای کۆن بوون، قسەیان بە زمانی ئیسپانی عبری دەکرد پێی دەوترێت(الرادنيو) جیاوازن لە جۆرەکەی تری جولەکە کە پێیان دەوترێت (الاشكنازي) ، ئەم زاراوەیەش بە ئەم جولەکە نوێیانە دەوترێت کە لە هەرێمەکانی ڕووباری راین هاتوونە، ئەمانەش بە پێی نامەکەی پاشا یوسف باپیریان(بولان)ە(کیستلر،1991، ص ص67، 68 ؛ سميح،2014،ص124).

لەم پێشەکییەدا بۆمان بەدیار دەکەوێت کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان جولەکەی ئیسپانیا و جولەکەی خەزەر نییە لە ڕووی ڕەگەزو هاونیشتیمانی یاخود هەر پەیوەندییەکی هاوبەش کە چارەنووسی بێت یان هاوشێوەی ئەمە ، پەیوەندییەکە دەستی پێکرد بە نامەیەک لە وەزیر حەسدای تێیدا سەرسوڕمانی نیشاندەدا بە گوێی بیستبوونی دەربارەی وڵاتێک بە ناوی خەزەر کە لەسەر ئاینیی جولەکەیە، کەچی خۆی یەکێکە لە ئەو جولەکانەی بە دوای هەواڵ و بارودۆخی کەمینە جولەکەکانی جیهان دەگەڕێت ، بە هۆی پیشە دبلۆماسیەکەی دەبوایە ئاگاداری ئەم گەلە جولەکە گەورە بوایە .

بەڵام کاتێک ئەم هەواڵەی پێگەیشت لە کاروانە بازرگانییە بێزەنتیەکان سەرسام دەبێت ، بۆیە هەڵدەستێت بە ناردنی نامەیەک بۆ پاشای خەزەر لە ڕێگای دوو لە جولەکەکانی ئەندەلوس ئەوانیش حاخام ( يهودا بن مائير بن ناثان، يوسف بن هجريس) ، بەڵام ریوایەتێکی تر هەیە دەوترێت پیاوێکی ناردووە بە ناوی (ماراسحق بن ناثان) بۆ قوستەنتینیە و فەرمانیشی پێ دەکات لە ئەوێوە رووبکاتە وڵاتی خەزەر، بەڵام ناگاتە ئەوێ و دەگەڕێتەوە ئەندەلوس(دانلوب، 1990،ص ص190 ،191 ؛ کیستلر،1991،ص73).

پاشان حەسدای هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی ڕێگایەکی تر بۆ ناردنی نامەکە بۆ وڵاتی خەزەر ئەویش لە ڕێگای قودس لە وێشەوە بۆ دۆڵی رووبار و پاشان ئەرمینیا ، بەڵام ئامادەبوونی دوو لە جولەکەکانی سەقالیبە کارەکەیان بۆ ئاسان کرد، کە ئامادە باشی خۆیان نیشان دەدەن بۆ گەیاندنی نامەکە، حەسدای نامەکەیان لەگەڵ دەنێرێت و دەگاتە دەست پاشای خەزەر(دانلوب،1990،ص191)، ناوەرۆکی نامەکەش پرسیار کردن بوو دەربارەی گەلی خەزەر و سیستەمی فەرمانڕەواییان و سوپایان هەروەها ئەوان لە نەوەی کام نەوەکانی ئیسرائیلن، چونکە ئەو پێی وابوو ئەوان یەکێکن لە هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیلە ونبووەکان( Adler, 1930, pp 20-22 ).

ئەم پرسیارانەش دەبێتە مایەی شەرمەزاری بۆ پاشای خەزەر بۆیە وەڵامەکەی تێرو تەسەل نابێت ، دەوترێت هەندێک وەڵامی نادروستی تێدایە پێویستی بە گفتوگۆ نییە یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، کە لە هەندێک دەستەواژە داهاتووە بوویتە مایەی سەرسوڕمانی حەسدای کاتێک پاشا یوسف پێی دەڵێت: " ئەوەی تۆ بۆ ئێمەت باس کردووە دەربارەی وڵاتەکەت و نەژادی پاشاکەت پێشتر گەیشتۆتە ئێمە، چونکە لە نێوان باب و باپیرانمان نامە ئاڵوگۆڕ کراوە ، ئەم کارانەش لە پەرتوکەکانمان پارێزراوە و ناسراوە لە لایەن هەموو پیاوە بەتەمەنەکانی وڵاتەکەمان و هەموو وڵاتەکانی رۆژهەڵاتیش، هەروەکو چۆن ئێمە ئەو پەیوەندییە کۆنە نوێ دەکەینەوە کە هەبووە لە نێوان باب و باپیرانمان و بە میراتیش بەجێ دەهێڵین بۆ نەوەکانمان(دانلوب،1990 ،ص195).

پاشا یوسف هەوڵی داوە وەڵامی پرسیارەکانی حاخام حەسدای بداتەوە بە ڕێگایەک هەندێک دوور بێت لە ڕاستی وڵاتەکەی و نەژادی گەلەکەی، وەڵامەکەی بە شێوازێک هاتووە برگە لە خۆ دەگرێت دوورە لە ئەو شێوازەی کە ناسراو بوو لە نامەکانی نێوان تیرە جولەکەکان پاشان ئاماژە کردن بە هەندێک بابەت دوور بوو لە لۆژیک، ئەمە جگە لە دەستەواژەی نادیار و هێرشی توند دژی ئیسلام و موسڵمانان ، بۆ نموونە دەڵێت:" لە ئەو ڕۆژەی کە باب و باپیرانمان کۆ بووینەوە لە سەر ئەم ئایینە ، خودای ئیسرائیل

هەموو دووژمنەکانی بۆ ملکەچ کردوونە ، وە ریسواکردنی هەموو نەتەوە و زمانەکانی دەوروبەریان لە پاشاکانی ئیدوم و پاشاکانی نەوەی ئیسماعیل و هەموو پاشاکانی نەتەوەکانی تر ، وە هیچ مرۆڤێک نەیتوانیووە رووبەروویان ببێتەوە بەڵکو هەموویان باجییان داوە پێی(23, p1930Adler, ) ، لە لایەکی تر نامەکە بەتاڵ بوو لە دەستەواژەی عبری یان ئاماژە کردن لە تەورات و تلمودیان کاریگەر بێت بە وێژەییەکانی ئایینی جولەکە.

پاشا یوسف بەردەوام دەبێت لە قسەکانی ئاماژە دەکات چۆن فریشتەی بۆ دەرکەوتووە و فەرمانی پێ کردووە کە شوێنێک بۆ پەرستن دروست بکاتن و خوداش بتوانێت تێدا بمێنێتەوە ، چونکە ئاسمان و ئاسمانەکانی سەرەوە تر زۆر فراوان نین بۆ حەوانەوەی وە نامەکە دەسەڵاتی خەزەر بە سەر هەرێمەکانی دەوورووبەریان لەخۆ دەگرێت کە ئەوان زێڕو زیو کۆ دەکەنەوە لە ڕێگای ئەو هێرشانەی کە دەیان کەنە سەریان، پاشان بەردەوام دەبێت و ئاماژە بۆ نەژادی دەکات ، هەرچەندە ئەو جولەکەیەکی دەمارگیرە، بەڵام نەژادی ناگەڕێتەوە بۆ سام بەڵکو دەیگەڕێنیتەوە بۆ یافث کوڕی نوح، دەڵێت:" لە ئەو تۆمارە خانەوادەیەی کە باب و باپیرانمان جێیان هێشتووە بۆمان دەردەکەوێت کە تارجوما دە کوڕی هەبووە ناوەکانیشیان بە ئەم شێوەیە " أودجو ، دورسو ، آفار ، هون ، بازل ، تارنیساخ ، خزر ، زاجور ، بلغار ، سابیر ، ئێمەش لە نەوەی خەزەرین واتە نەوەی حەوتەمین"( 29,p1930Adler, )

پاشان ئاماژە بە هەندێک جەنگ دەکات کە باب و باپیرانی ئەنجامیان داوە، هەروەها ئەو چاکسازییانەی کە پێی هەڵساون لە یاساو درووست کردنی پەرستگاو قوتابخانەو دەرکردنی جادوکەران و بت پەرستان ، مێژوو نووسان ئاماژە بە هیچ پەیوەندییەک ناکەن دروست بووبێت لەنێوان جولەکەی خەزەر و جولەکەی ئەندەلوس جگە لە ئەم نامە ئاڵوگۆڕکردنە کە هەندێکمان ئاماژە پێکرد ، واتە جولەکەی ئەندەلوس لە ژێر سێبەری خەلافەتە ئیسلامییەکان دا ژیاون هیچ پەیوەندییەکی فەرمی یان چارەنووسی نەیبەستوونەتەوە لەگەڵ خەزەر لەبەر نەبوونی چارەنووسێکی هاوبەش بۆ هەردوو لایەن جگە لە ئەوە نەبێت کە لە دوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی بۆیان روویدا.

**پێنجەم : پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ ئەتابکەی ئیلدکز**

ئەتابکە وشەیەکی وەرگیراوە لە ئەتابک، کە زاراوەیەکی تورکییە پێک هاتووە لە دوو برگە (أتا) واتا باوک و (بک) واتا میر ،بەمەش دەبێتە(کوڕی میر)،ئەم ناسناوەش بەئەو کەسانە دەوترا کە سەرپەرشتی پەروەردەکردنی منداڵەکانی سوڵتانی سەلجوقییەکانی پێدەسپێردرا بەهۆی تازەپێگەیشتنیان(القلقشندي،1914، 18/4 ؛فراشري،1888،ص ص475،474؛نیکلسون، ،1933، ص423) .

لە دیاردەکانی فەرمانڕەوایی سەلجوقییەکان لە جیهانی ئیسلامی دەرکەوتنی ئەتابکە بوو ، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە دەرەبەگایەتیەی سەلجوقییەکان دایانهێنابوو پەیڕەویان دەکرد لە هەرێمەکانی وڵاتەکەیان، کە ببوە رەگەزێکی گرنگ لە سیستەمی رامیاری و کۆمەڵایەتیەکانیان(حافظ، 1950،ص94 ؛ أمین،1965،ص209)

ئەم سیستەمە دەرەبەگایەتیە لە دوای مردنی سوڵتان (ملکشاە ابن أرسلان) لە ساڵی (485ک/1092ز) دەبێتە هۆی دابەش بوونی وڵاتی سەلجوقی لە نێوان خۆیان و لاوازبوونی، هەر میرێک لە کەرتەکەی خۆی سەربەخۆ دەبێت و دەست دەکات بە فراوانخوازی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لەسەر حیسابی هێزەکانی دەوورووبەری و خستنیە پاڵ ناوچەکەی ، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی ئەتابکەکان کەخۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینە دانا بوو لە ئەو ناوچانەی پێ یان دەدرا فەرمانڕەوایی تێدا بکەن(حافظ،1950،ص94)، ئەم سیستەمە ئەتابکیە هەندێک ماندووبوونی کارگێری و جەنگی لەسەر فەرمانڕەوای ناوەند(مرکزی)هەڵگرتبوو، ئەمە جگە لە ئەم سەربەخۆیەی هەبوو لە ڕێکخستنی بارودۆخیان و بەرگری کردن لە سنوریان دژی هەر دوژمنێکی دەرەکی رووبەروویان ببوونایەوە(أمین،1965،ص ص209، 210).

یەكێك لە گرنگترین ئەو ئەتابکیانە ، ئەتابکییەی ئیلدکز بوو کە دامەزرێنەرەکەی (شمس الدین ترکي) ، کە مەملوکی (کمال سمیرمي) وەزیری سوڵتان (محمود دووەم512ـ 526ک/ 1118ـ 1131ز) بوو،لە دوای کوژرانی(کمال سمیرمي) ئیلدکز پایەکی بەرزی دەبێت لەلایەن سوڵتان (محمود بن محمد بن ملکشاە)، دەبێتە فەرمانرەوایی ئازربیجان و هەرێمی چیا لەساڵی (541ک/1146ز) (ابن کثیر،2015، 223/14، 224)

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە ساڵی (558ک/1162ز) خەزەرەکان لە ڕێگای (باب الأبواب) هێرش دەکەنە سەر خاکی موسڵمانان و دەست دەکەن بە تاڵان کردن و بەدیل گرتنی خەڵک و کوشتنیان ، تاکو موسڵمانان گەیشتنە ئەو ڕادەیەی هەست بە لە ناوچوون بکەن، لێرەدا ئەتابک ئیلدکز سەربازەکانی و خۆبەخش و خەڵکی ناوچەکە کۆ دەکاتەوە بۆ رووبەرووبوونەوەیان، خەڵک

پێی دەڵێن : "تۆ توانای ئەوانت نییە ، ئەوان ژمارەیان سێ سەد هەزار کەسە، تۆش ژمارەی سەربازەکانت ناگاتە سی هەزار"، بەڵام ئەو دەڵێت : "پشت بە خودا دەبەستم "، پاشان بەڕێ دەکەوێت و لە ئازربیجان دەگاتە سوپای خەزەر ، شەڕێکی خوێناوی روودەدات کە هیچ شەڕێک بەم شێوەیە نەبووە جگە لە شەڕی غوزو سەنجر نەبێت، لە سەرەتا خەزەرەکان هێرش دەکەنە سەر موسڵمانان ، ئیلدکز و سەربازەکانی لەسەر پشتی ئاژەڵەکانیان دێنە خوارەوە و شەڕ دەکەن ، بەڵام لە ناکاو ڕەشە بایەک هەڵدەکات و خۆڵ بە دەم و چاوی سوپای خەزەر دادەکات و دەبێتە هۆی شکست هێنانیان و راکردنیان ، ئیلدکزیش بە دوایان دەکەوێت و دەیان کوژێت و بە دیلیان دەگرێت و پاشاکەشیان بە دیل دەگرێت و(صليب الصلبوت)یش دەکەوێتە دەستیان کە بە زێڕ و یاقوت نەخشێندرا بوو بەهاکەی دەگەیشتە سەد هەزار دینار، پاشان ئیلدکز پاشاو پیاو ماقولان و سەرۆکەکانیان و (صليب الصلبوت)رەوانەی بەغدا دەکات، خەڵکیش لە ئەوێ دەچنە پێشوازیان ، پاشان بە بەردەم خەلیفەیان دا دەبەن کە دڵی زۆر خۆش دەبێت و دیاری دەدات بە پەیامنیرەکان و دیاریەکی زۆریش بۆ ئیلدکز دەنێرێت(سبط ابن الجوزي،2013، 36/21 ).

ئێمە پێمان وایە خەزەرەکان ئەم هێرشەیان بە هاوبەشی لەگەڵ نەتەوەکانی دەورووبەریان ئەنجام دابێت ، چونکە ژمارەی سوپاکە یەکجار زۆرە لە توانای خەزەرەکان یاخود هیچ وڵاتێکی تری قەوقاز دا نەبوو بە تەنها سوپایەکی زەبەلاح بە ئەم شێوەیە ئامادە بکات لە ئەوکاتدا، بەڵگەش لە سەر ئەمەدا دەبینین ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی لە شەڕی مەلازگردی ساڵی (463ک/ 1073ز) بە ئەو هەموو هێزو توانایەی هەیبوو سوپاکەی پێک هاتبوو لە کۆمەڵێک نەتەوەی دەوورووبەر.

هەر چۆنێک بێت خەزەرەکان لە دوای ئەم شکستە هەوڵی تۆڵە سەندنەوەیان داوە چونکە لە ساڵی (566ک/1160ز) پاشای خەزەر شاری دون(17)داگیر دەکات و سی هەزار موسڵمانیش دەکوژێت (الأصفهاني،2002 ،ص400 ) پاشان شەڕ دەوەستێت تاکو ساڵی (589ک/1193ز) کە لە ئەم ساڵەدا پاشای خەزەر شاری برذعە وێران دەکات(الأصفهاني،2002 ،ص448)، پێدەچێت ئەم هێرشە دواین هێرشی خەزەر بێت بۆ سەر ئەتابکەکان بە تایبەتی و خاکی موسڵمانان بە گشتی ، چونکە سەرچاوەکان بێدەنگ دەبن دەربارەی خەزەرەکان تاکو دەست پێکردنی هێرشی مەغۆل بۆ سەر جیهانی ئیسلامی لە سەدەی (7ک/13ز) دا.

**تەوەری دووەم : پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ دەوڵەت و هێزە نا ئیسلامییەکاندا**

وڵاتی خەزەر بەهۆی درێژی ماوەی فەرمانڕەوایی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ژمارەیەک وڵات دروست دەکات ، کە هەندێکیان پەیوەندییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی وڵاتی خەزەر ، ئەوی تریان بۆ ناوەڕاست و کۆتاییەکانی ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گۆڕانکارییە رامیارییەی کە لە رژێمی فەرمانڕەوایی وڵاتەکانی دەوروبەری رووی داوە کە دەبووە هۆی سەرهەڵدانی وڵاتێکی نوێ یاخود دابەش بوونی بۆ چەند میرنشینێک ، بۆیە ئێمەش لەبەر زۆری ئەم پەیوەندییانە تەنها لەماوەی دیاری کراوی توێژینەوەکە ئەم پەیوەندیانە دەخەینە بەر باس ، کە ئەویش لە سەدەی (4ك/10ز) تاکو سەدەی (7ک/13ز) .

**یەکەم : پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ روسەکان**

هۆکاری ئابووری و جوڵانەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە سەدەی (3و4ك/9 و10ز) ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دەرکەوتنی روسەکان وەکو هێزێکی نوێ لە سەر شانۆی رامیاری لە ڕێگای بەستنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و باکوری قەوقاز و وڵاتی خەزەر و بولغار، ئەمە جگە لە ئەنجام دانی هێرش بۆ سەر هۆزەکانی سلافی ژێر دەسەڵاتی خەزەر لە کاتی بەهێزییان ، بەڵام کاری بازرگانییان دەکرد لە کاتی لاوازیان کە ئەمەش یارمەتی دەریان بوو بۆ زاڵ بوون بەسەر لایەنی ئابووری و رامیاری لە شارە سلافییەکان ,Hanna1977p,3)؛ عمران،1997،ص ص166،167 )

ئەم وڵاتە لە سەر دەستی میر روریک (228ـ266ک/842ـ879 ز) دامەزرا، کە لە خاکی ئسکەندنافییەکانی باکوری رۆژئاوای ئەوروپا لەگەڵ دوو برای روو دەکەنە روسیا لە ساڵی(228ک/842ز) لە پێناو بەدەست هێنانی قازانجی ماددی لە ڕێگای کۆکردنەوەی باج، بەڵام رووبەرووی بەرهەڵستی سلافییەکان دەبنەوە و دەریان دەکەن لە خاکەکەیان ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئاژاوە لە ناوچەکە لە ئەنجامی نەتوانینی سلافییەکان لە فەرمانڕەوایی خۆیان، بۆیە ناچار دەبن لە بانگهێشت کردنەوەی میر روریک و هەردوو برای ، ئەویش لەگەڵ لایەنگرانی دەگەڕێنەوەو دەست بەسەر شارە سلافییە ژێر دەستەکانی وڵاتی خەزەر دا دەگرێت و بەردی بناغەی وڵاتی روسیا دادەنێت,clarkson1962p,32)؛Kendrick,1968pp,145-147 ) لە دوای مردنی میر روریک لە ساڵی(266ک/879ز) کوڕە پێگەیشتووەکەی ئیکۆر (266ک ــ334ک/879ـ945ز) دەسەڵات دەگرێتە دەست لە ژێر ڕاسپاردەی

یەکێک لە نزیکەکانی ئەویش میر ئولج(266ــ 300ک/879ــ912ز) بوو کە دەست دەکات بە فراوان خوازی لە سەر حیسابی وڵاتی خەزەر، لە ساڵی(269ک/882ز)شاری کییف داگیر دەکات و دەیکاتە پایتەختی نوێ ی وڵاتەکەیان(,30,31,pp1977Hanna) ،پاشان هێرش دەکاتە سەر بەندەری أباسکونی خەزەری لە ساڵی (298ک/910ز) شارەکە و گوندەکانی دەورووبەری تاڵان دەکات و ژمارەیەکیش دیلی موسڵمانی سەر بە وڵاتی خەزەر دەگرێت و دەیان فرۆشێتەوە وەکو کۆیلە ، کە ئەمەش خەزەر دەخاتە هەڵوێستێکی شەرمەزاری بەرامبەر خەلافەتی عەباسی چونکە پەیوەندییەکی دۆستانەی هەبوو لەگەڵ خەلافەتی عەباسی، بۆیە پێکەوە بەرەیەکی هاوبەش پێک دەهێنن دژی روسەکان (,32,33,pp1977Hanna ؛ ,99, p1977Dmytryshyn)

بەڵام لە سەرەتای سەدەی (4ك/10ز) پەیوەندییەکانی نێوان خەزەر و روسەکان بەرەو باشتر دەڕوات ، ئەمەش بە پێی ریوایەتەکەی (المسعودي) کە ئاماژە دەکات روسەکان شاڵاوێک ئامادە دەکەن کە لە پێنج سەد کەشتیگەل پێک هاتبوو هەر کەشتیەکیش سەد پیاوی هەڵگرتبوو بۆ هێرش کردن بۆ سەر دەریای قەزوین لە ساڵی(301ک/913ز)،کاتێک دەگەنە کەناراوەکانی خەزەر سەرکردەکەیان نامەیەک بۆ پاشای خەزەر دەنێرێت و داوای لێدەکات ڕێگایان پێ بدات بپەڕنەوە لە ڕێگای وڵاتەکەی بۆ دەریای قەزوین ، ئەویش ڕێگایان پێدەدات بە ناچاری لە ترسی ئەوەی نەوەک هێرش بکەنە سەر وڵاتەکەی،لە لایەکی تریش چاو چنۆکی بۆ ئەو پارەیەی کەوا بەڵێنیان پێدابوو ،کاتێک روسەکان دەگەنە دەریایەکە کەشتییەکان پەرش و بڵاو دەبنەوە بۆ لێدانی چەند ناوچەیەک لە یەک کاتدا کە ئەوانیش(جيلان(18)و جرجان(19) و طبرستان(20) و اباسكون و باكو(21) و أذربيجان(22) )کە تێدا دەست دەکەن بە سەربڕین و کوشتنی منداڵ و پیاوانی بەتەمەن و ئافرەت و بەدیل گرتنی سەربازێکی زۆر و بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی گەورە، پاشان پاشەکشە دەکەنەوە بۆ دوورگە نزیکەکان، خەڵکیش هەوڵیان دا ڕاوە دوویان بکەن بە بەلەم و کەشتی بازرگانی، بەڵام روسەکان گەڕانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان و ژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژن، چەند مانگێک لە دەریای قەزوین دەمێننەوە پاشان بڕیاری پاشەکشە کردن دەدەن پاش ئەوەی دەسکەوتێکی زۆریان دەسکەوت بە هەمان ڕێگا دەگەڕێنەوەو بەڵێنەکانیان بەجێ دەگەیەنن و پارەیەکی باشیش دەدەن بە پاشای خەزەر بە پێی ئەو مەرجانەی دایان نابوو(مروج الذهب، 2005 ،141/1، 142).

کاتێک سەربازە موسڵمانەکانی سوپای خەزەر بە ئەمە دەزانن ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن و داوا لە پاشا دەکەن ڕێگایان پێ بدات تاکو تۆڵەی برا موسڵمانەکانیان بکەنەوە،ئەویش ناچار داواکەیان پەسەند دەکات ، بەڵام ئاگاداری روسەکان دەکاتەوە دەربارەی نیازی موسڵمانەکان ، کاتێک هێزی موسڵمانان بەڕێکەوت کۆمەڵێک کرستیانی دانیشتووانی شاری (ئیتل) شیان لەگەڵ دا دەبێت ، کاتێک هەردوو سوپا نزیک یەکتر بوونەوە هێزەکەی روسی دێتە سەر وشکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانان ، بەڵام روسەکان توشی شکستێکی گەورە هاتن پاش شەڕێک کە سێ ڕۆژی خایاند ژمارەیەکی زۆر لە روسەکان دەکوژرێن و ئەوانی تریش ڕادەکەن ، بەڵام ڕزگاریان نابێت لەسەر دەستی بولغارییەکان دەکوژرێن(المسعودي،2005 ،142/1 ؛ کیستلر،1991،ص115) پێدەچێت ئەم ناڕەزاییەی موسڵمانان هۆکارێک بووبێت کە جارێکی تر پاشای خەزەر ڕێگا نەدات بە هیچ هێزێکی تر خاکەکەی بەکار بهێنێت بۆ هێرش کردنە سەر وڵاتە ئیسلامییەکانی سەر دەریای قەزوین، بۆیە کاتێک روسەکان لە ساڵی(332ک/943ز) داوا لە پاشای خەزەر دەکەن بە هەمان شێوەی جاری یەکەم ڕێگایان پێ بدات بە نێو خاکەکەی تێپەڕ بن بۆ هێرش کردنە سەر موسڵمانانی دەورووبەریان، بەڵام پاشا داواکەیان ڕەت دەکاتەوە لە بەر کاردانەوەی موسڵمانانی نێو وڵاتەکەی کە پێک هاتەیەکی گرنگی سوپاو کۆمەڵگای وڵاتی خەزەر بوون(مسکویه،2003، 265،266/5 ؛ دانلوب،1990،ص319 ).

هەرچەندە پاشای خەزەر داواکەیانی ڕەت کردەوە بەڵام پەیوەندییەکانی نێوانیان هەر بە باشی دەمێنێتەوە تاکو هاتنی میر سفیاتو سلاف(352ــ 362ک/963ــ972ز) بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی روسیا، کە هەڵدەستێت بە ئەنجام دانی گۆڕانکاری لە پیلانی سەربازی لە نێوان ساڵانی(352ــ356ک/963ــ966ز) کە شاڵاوێکی سەربازی گەورە ئامادە دەکات لە ساڵی (354 ک /965ز) و هێرش دەکاتە سەر وڵاتی خەزەر، کاتێک پاشا هەواڵی ئەم شاڵاوەی پێ دەگات بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەیان دەدات لە ئەنجام دا روسەکان سەر دەکەون و قەڵای (سارکل) داگیر دەکەن ئەمە جگە لە کاولکردنی شاری ئیتل و سەمەندەر(23)و چەند ناوچەیەکی تر.

هەندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە ئەم شاڵاوە هۆکارێکی سەرەکی بووە لە داڕمان و لاواز بوونی وڵاتی خەزەر بە تایبەتیش پاش ئەوەی شکۆمەندی خۆی لە دەست دا لە ئەنجامی لە دەست دانی ناوچەیەکی زۆری ژێر دەسەڵاتی و مانەوەی بەشێکی بچووک لە ژێر دەستی(,237,p1948Grousset ؛ کیستلر،1991، ص119 ؛ المغربي،2002،ص113).

هەر چۆنێک بێت خەزەرەکان لە دوای ئەم کاولکارییەی کە روسەکان ئەنجامییان دا دەست دەکەن بە ئاوەدان کردنەوەی شارەکان و لە ماوەی سێ ساڵ دا دەتوانن بیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێش شاڵاوەکە(ابن حوقل ،1992، ص333 )

پێدەچێت دۆخەکە ئارام بووبێتەوە و چاڵاکی بازرگانی بەردەوام بووبێت چونکە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ هیچ ململانێیەک ناکەن تاکو شاڵاوە هاوبەشەکەی بێزەنتی و روسیا ساڵی (406ک/1015ز) ، پێدەچێت ئەمەش دواین پەیوەندی رامیاری نێوان خەزەرو روسەکان بێت، چونکە سەرچاوەکان بێدەنگ دەبن و ئاماژە بە هیچ ڕووداوێکی تری نێوانییان ناکەن. جگە لە ئەمە نەبێت کە پێکەوە بەشداری شەڕی مەلازگردی ساڵی(463ک/1073ز) دەکەن لە ژێر سەرکردایەتی رومانوس ئیمپراتۆری بێزەنتی(ابن العديم ،1996،ص177 ) .

**دووەم : پەیوەندی خەزەرەکان لەگەڵ بێزەنتیەکان**

پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی خەزەر و ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ملکەچی ئەو دۆخەی بووە کە تێیدا ژیاون، بەتایبەتی ئەو بەرژەوەندییانەی لە ناوچەکەدا هەبوو کە هەندێک جار پاڵی پێوە دەنا بۆ پەیوەندی دۆستایەتی و هەندێک جاریش بۆ پەیوەندی دوژمنایەتی .

بە گرنگی دەزانیین ئاماژە بکەین بۆ سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوانیان کە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شەڕەکانی هرقل(610ک/ 641ز) دژی فارسەکان ، کە هاوکاری سەربازی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو لایەن بە روونی بە دیار دەکەوێت و پەیوەندی دبلۆماسی و لێک تێگەیشتن لە نێوانیان دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت ( ,405, p1912Bury).

لە دوای مردنی ئیمپراتۆر هرقل لەساڵی(20ک/641ز) سەرچاوەکان بێدەنگ دەبن لە ئاماژەدان بە هەر زانیاریەکی نوێ لەسەر چارەنووسی پەیوەندییەکانی بێزەنتینی و خەزەرەکان تا کۆتایی سەدەی حەوتەمی زاینی (المغربي،2002،ص11) ، سروشتی پەیوەندییەکانی نێوانیشیان لایەنی سەربازی و ژنخوازی و ئاوەدانی و ئایینی لە خۆ گرتووە ،بۆ نموونە جستنیانی دووەم(66ــ77ک/685ــ695ز) دوای لادانی لەسەر دەسەڵات و دوورخستنەوەی بۆ (قرم) لەوێوە پەیوەندی دەکات بە خاقانی خەزەر و داوای هاوکاری لە خاقانی خەزەر دەکات، پاشان هەوڵی گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەدات بە یارمەتی خاقانی خەزەر، خاقانی خەزەریش بە داواکەی ڕازی دەبێت و تەنانەت هەڵدەستێ بە پێدانی خوشکی خۆی بە ئیمپراتۆر جستنیانی دووەم(المغربي،2002،ص89) ،بەڵام ئیمپراتۆری بیزەنتی پارە دەدات بە خاقانی خەزەر بەرامبەر بە ڕادەستکردنی جستنیانی دووەم بە زیندوویی یان مردوویی ، کاتێک جستنیان بە پیلانەکە دەزانێت ڕادەکات و هانا دەبات بۆ پاشای بولغاریا و بە یارمەتی ئەو دەسەڵاتی دەگەڕێنێتەوە ، پاشان دەکەوێتە جەنگ لەگەڵ خەزەرەکان(,942,p1860Nicephorius ؛ 571,570 .(,pp1839Theophanis,

پەیوەندییەکانی بیزەنتی و خەزەر لە سەرەتای سەدەی(4ك/10ز)گۆڕانکاری بەسەر دادێت کە لە دۆستایەتی و دراوسێیایەتی دەبێتە دوژمنایەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی ، یەکەمیان : دەرکەوتنی روسەکان بوو وەک هێزێکی نوێ لە ناوچەکەدا و دەست کردنی بە فراوان خوازی لەسەر حیسابی دەسەڵاتی بیزەنتی و خەزەر و پەیداکردنی مەترسیەکی گەورە لەسەر بەرژەوندییەکانیان، بۆیە ئیمپراتۆری بیزەنتی بۆ پاراستنی قەوارەی رامیاری لە ناوچەکەدا هەڵدەستێت بە بەستنی هاوپەیمانیی لەگەڵ روسەکان دژی خەزەر(محمد،2001،ص193)، دووەمیان: هۆکاری ئاینی بوو کە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دەستپێکردنی دوژمنایەتی لە نێوان هەردوو هاوپەیمان،لە سەردەمی ئیمپراتۆر باسیل یەکەم مەقدۆنی(253ــ273ک/867ــ886ز) بطریقی قوستەنتینیە هەڵدەستێت بە کرستیان کردنی جولەکەکان بە زەبری هێز(,11,p1992Noona)، کە ئەمەش دەبێتە جێگای توڕە بوونی پاشای خەزەر، چونکە ئەو لە سەر ئایینی جولەکە بوو بۆیە لێرەدا دوژمنایەتی بەرەو زیاد بوون دەڕوات لەنێوان هەردوو لایەن ، تاکو دەگاتە لوتکە لە سەردەمی ئیمپراتۆر رۆمانوس لیکابینوس(308ــ333ک/920ــ 944ز) کە ناچاریان دەکات بهێنە سەر ئاینی کرستیان بەڵکو لە ئەمە دوورتریش هەڵدەستێت بە دەرکردنی جولەکەو ئەو ئەرمەنانەی نەهاتبوونە سەر ئاینزای ئەرثەدۆکسی بۆ دەرەوەی وڵات(المسعودي ،2005، 1/ 11 ؛) ,231, p1933Runciman ،لە ئەنجامی ئەوەدا پاشاکانی خەزەر هەڵدەستن بە تۆڵە سەندنەوە لە ئەو کرستیانانەی لە وڵاتەکەیاندا دەژیان ، چونکە ئەوان وایان دەبینی بەرگری کردن لە جولەکەی جیهان لە بەرپرسیاریەتی ئەوان دایە و سەرپەرشتیاری ئەم ئایینەن,115, p1992Noonan)) شایانی باسە ئیمپراتۆری بیزەنتی لە ئەم قۆناغەدا دەستی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیەتی لە خەزەر وە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزە تورکییەکان و هاندانیان بۆ هێرش

کردنە سەر خەزەر، بەڵام ئەم هاوپەیمانیەتیە نەیتوانی هیچ دەسکەوتێک بەدەست بهێنێت و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بێ ئومێد کرد لە لەناوبردنی وڵاتی خەزەر ، چونکە هەرکاتێک ئەم هۆزانە هێرشیان دەکرد خەزەرەکان رووبەروویان دەبوونەوە و شکستیان پێ دەهێنان و دەسەڵات و گەورەیی خۆیان بەسەریان دووپات دەکردەوە و وانەیەکیشیان پێ دەدان جارێکی تر بیر لە هێرش کردن نەکەنەوە ، لێرەدا ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی چاو دەروانێتە هێزێکی تر بۆ بێزارکردنی خەزەر و هێرش کردنە سەریان کە ئەویش روسەکان بوون ، بۆیە دیاری گران بەهایان بۆ دەنێرێت و سەرکەوتوو دەبن لە پاڵ پێوەنانیان بۆ هێرش کردنە سەر خەزەر(محمد،2001 ، ص197 ؛237 ,p1948Grousset,).

یەکەم هێرشی بیزەنتییەکان بە هاوپەیمانی روسەکان بۆ سەر وڵاتی خەزەر لە ساڵی (406ک/1016ز)بوو کە ئیمپراتۆر باسیلی دووەم (375ــ416ک/976ـ1025ز) شاڵاوێکی کەشتیوانی ئەنجام دەدات بۆ سەر خەزەر بە پاڵپشتی کەشتیوانی روسەکان ، لە ئەنجام دا هەردوو لایەن دەتوانن زاڵ بن بەسەر وڵاتی خەزەر و (جورجیوس) یش خاقانی خەزەر بەدیل بگرن(237,p1948Grousset,)، پێدەچێت خەزەر لە دوای ئەم شاڵاوە لاواز بووبێت و ناوچەیەکی زۆریشی لە دەست دابێت و ملکەچی فەرمانڕەوایی بیزەنتیەکان بووبێت ، چونکە ئەگەر بڕوانینە مێژووی خەزەر لە دوای ئەم شاڵاوە دەبینین زۆربەی شاڵاوەکانیان بۆ سەر خاکی موسڵمانان بە هاوبەشی بووە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێیان یان بیزەنتیەکان بۆ نموونە لە شەڕی مەلازگردی لەساڵی(463ک/1070ز) دژی سەلجوقییەکان خەزەرەکان بەشێک بوون لە سوپاکەی رومانوس ئیمپراتۆری بیزەنتی(ابن العدیم، 1996، ص177).

**تەوەری سێیەم : پەیوەندی خەزەرەکان بە مەغۆلەکان وکۆتاییهاتنی دەسەڵاتی خەزەرەکان**

هۆکاری هێرش کردنی مەغۆل بۆسەر وڵاتی خەزەر هەمان هۆکاری هێرشکردنی سەر جیهانی ئیسلامی بوو ، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان مەغۆل و خوارزمییەکان ، چونکە جەنگیزخان دوای ئەوەی توانی هۆزەکانی مەغۆل کۆبکاتەوە و شاری(قرەقورم)(24) بکاتە پایتەختی وڵاتەکەی ، دەست دەکات بە بەستنی پەیوەندی و دۆستایەتی و بازرگانی لەگەڵ خوارزمییەکان، بەڵام زۆری پێناچێت رووداوی کوشتنی شاندەکەی مەغۆل لەسەر دەستی خوارزمییەکان روودەدا و پەیوەندی نێوانیان تێکدەچێت،جەنگیزخان بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدات و شەڕ دژی خوارزمییەکان رادەگەیەنێت، لە ساڵی (615ک/1218ز) دەست بەسەر خاکی نێوان رووباری سیحون و جیحون دا دەگرێت،لەگەڵ دورگەکانی دەریای قەزوین و ئازربیجان و جورجیا و وڵاتی ئەودیوی رووبار.

ئەم شاڵاوانەی کە مەغۆلەکان پێی هەڵدەستان هیچ پیلانێکی پێشوتری بۆ دانەنرا بوو بەڵکو شاڵاوی راوەدونانی سوپاکەی سوڵتان (علاءالدین خوارزم597ـ617ک/1200ــ1220ز) لە هەرێمێک بۆ هەرێمێک و لە شارێک بۆ شارێک ، لەگەڵ ئەوەشدا مەغۆلەکان هەڵدەستان بە سەربازکردنی دانیشتوانی ئەم شارانەی کە کەوتبوونە ژێر دەستیان و بردنیان بە زۆری بۆ بەرەکانی جەنگ ئەمەش وای کرد کە مەغۆلەکان ژمارەیەکی زۆر سەربازیان هەبێت رێگە نەدەن لایەنەکانی تر بەسەریان زاڵ بێت (ابن کثیر،2015 ،102/15 ؛ السید محمود،2001،ص ص81ـ87).

هەرچۆنێک بێت مەغۆلەکان لە ساڵی(617ک/1220ز) هێرش دەکەنە سەر وڵاتی خەزەر و داگیری دەکەن پاش رووبەرووبوونەوەیەکی توند لەگەڵیان،(ابن کثیر) ئاماژە دەکات کە مەغۆلەکان لە ساڵی (617ک/1220ز) توانیان هەموو شانشینەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان تەنها عیراق و جزیرە و شام و میسر نەبێت(2015، 102/15)

هەرچۆنێک بێت هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر وڵاتی خەزەر و داگیرکردنی لە ساڵی(617ک/1220ز) بوو، ئەوەش بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە ژێر دەستمان دایە ، لەوانە (ابن الأثیر) هەرچەندە ناوی خەزەری نەهێناوە بەڵام ئەگەر بڕوانینە قسەکانی بە ڕوونی بۆمان بەدیار دەکەوێت کە وڵاتی خەزەر یەکێک بووە لە ئەو وڵاتانەی کە لە ساڵی(617ک/1220ز) کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی مەغۆلەکان دەڵێت : "... دوای دەست بەتاڵ بوونیان لە ئازربیجان و ئەران بەڕێکەوتن بۆ دەربەند شروان و دەستیان بەسەر هەموو شارەکانی داگرت تەنها ئەو قەڵایە نەبێت کە پاشاکەیانی تێدابوو، لە ئەوێش دەپەڕنەوە بۆ وڵاتی (اللان و اللکز(25)) و نەتەوە جۆراو جۆرەکانی ئەم ناوچەیە ، وە دەست دەکەن بە کوشتن و تاڵان کردن و تێکدان ، پاشان روو دەکەنە وڵاتی قفجاق کە لە هەموو تورکەکان ژمارەیان زۆرترە و دەست دەکەن بە کوشتنی هەر کەسێک بە روویان بوەستێت ... "(10،1987/400)، هەرچی (ابن کثیر)ە

جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە وڵاتی خەزەر لەگەڵ کۆمەڵێک وڵاتی تر کەوتوونەتە ژێر دەستی مەغۆلەکان لە ساڵی (617ک/1220ز) پاشان بە شێوەیەکی گشتی باس لە ئەو نەهامەتیە دەکات کە مەغۆلەکان بەسەر ئەو وڵاتە داگیرکراوانەیان هێناوە لە ئەم ساڵەدا ئەویش کوشتنی ژمارەیەکی زۆری موسڵمان و ناموسڵمان لە شارە داگیر کراوەکان کە هەژمار ناکرێت و باسیشی ناکرێت ، واتا بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بچوونایە نێو هەر شارێک دەستیان دەکرد بە کوشتنی هەموو سەرباز و پیاوەکانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆریش لە ئافرەت و منداڵ ، پاشان تاڵان کردنی هەر شتێک پێویستیان پێ بوایە و سوتاندنی ئەوانەی پێویستیان پێ نەبووایە، هەروەها هەڵدەستان بە کۆکردنەوەی ئاوریشمێکی زۆر کە نەیاندەتوانی ببەن دەیانسوتاندو سەیریان دەکرد ، وە خانووەکانیان تێکدەدا و ئەوەی نەیانتوانی بوایە تێکیدەن دەیانسوتاند ، ئەوەی زیاتر دەسوتێندرا زیاتر مزگەوتەکان بوو هەروەها موسڵمانەکانیان دەکرد بە دیل و شەڕیان پێ دەکردن و ئەگەر بە گوێیان نەکردبانایە دەیان کوشتن) 1980، 102/15 ).

(الذهبي)یش دەربارەی هێرشەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سوپاکەی مەغۆلەکان روو دەکاتە ئازربیجان و ئەران و کەرەج و خەزەر ، کاولکردن و تێکدانێکی زۆر ئەنجام دەدات لە ئەو شوێنانەی داگیری دەکەن و کاتێک دەگاتە وڵاتی خەزەر رووبەرووی بەرگری دەبێتەوە لە لایەن پاشای خەزەر بەڵام لە کۆتاییدا سەردەکەون و دەست بەسەر وڵاتی خەزەردا دەگرن(2010، 297/3).

شایانی باسە جەنگیزخان دوای ئەم فراوانخوازیانەی ئەنجامیدا بڕیاری دا ئەم ئیمپراتۆریەتە فراوانە پێش مردنی بەسەر کوڕەکانی (جوجی و جغتای و اوکتای و تولوی)دابەش بکات ، وە بە پێی یاسای مەغۆل باوک هەڵدەستێت بە پێدانی هەر بەشێک بە یەکێک لە کوڕەکانی بە گوێرەی تەمەن و جێگای وە بەشە گرنگەکەش بۆ بچوکترین کوڕ دەمێنێتەوە(ابن المستوفي،1983،ص147 ؛ سعید،2003 ،ص 61)، بە پێی ئەم دابەش بوونەش ناوچەیەکی فراوان کە  وڵاتی خەزەریش لە خۆ دەگرێت و دەبێتە بەشی جوجی خان(ابن العبری،1992، ص227 ؛ ابن المستوفي ،1983،ص282) ، شانشینێکی لێ دروست دەبێت بە کۆمەڵێک ناو دەناسرێت (القبیلة الذهبیة ، مملكة قفجاق، جوجی الوسي، مملكة باطو، مملكة بركه ، المملكة الشمالیة، مملكة اوزبك)( الرمزي ، د.ت،382/1 ؛ سعید، 2003،ص22).

خاوەن پەرتووکی(تاریخ الفي) ئاماژە دەکات کە پاشاکانی نەوەی جەنگیزخان لە دەشتی قەفجاق و خەزەرو بولغار فەرمانڕەواییان کردووە و ژمارەیان سی و دوو پاشا بوو(تتوي،1383، 3869/6) وە شاری (سقسین)(26) مەڵبەندی پاشاکانی ئەم شانشینە بوو(سعید،2003،ص71) کە لە ئەم شارەدا کاروباری شانشینەکەو پەیوەندییە دبلۆماسیەکان ئەنجام دەدرا، برکەخان کوڕی جوجی هەر لە ئەم شارە بەڕێکەوت بۆ بوخاری بۆ سەردان کردنی (شیخ سیف الدین الباخزری)وە لەسەر دەستی ئەو دەبێتە موسڵمان(الذهبي،2010، 49 / 191) پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شاری (سقسین)، زۆربەی میرەکانی دەبن بە موسڵمان بەڵام زۆری پێناچێت بەهۆی هێرشی هۆلاکۆ بۆ سەر موسڵمانان نامەیەک بۆ(الملك الظاهر658ـ 676ك/1260ـ1277ز) دەنێرێت لە میسر لە ڕێگای دوو نوێنەری بە مەبەستی بەستنی هاوپەیمانی دژی هۆلاکۆ (الیونیني،1992، 195/2).

سەبارەت بە جولەکەی خەزەریش مەغۆلەکان لێبوردە بووینە لە گەڵیان و ڕێگریان لە بیروباوەڕە ئاینەکانیان نەکردووە ، ئەمەش یارمەتیدەریان بووە  لەسەر پارێزگاری کردن لە بیروباوەڕە ئاینییەکانیان لە ڕێگای ئەنجامدانی دروشمەکان لەنێوان گەلانی کرستیان وبڵاوبوونەوەیان لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا(شاکر،1981،ص41) .

**ئەنجام**

١ـ توێژینەوەکە گەیشتووە ئەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان خەزەرەکان لەگەڵ خەلافەتی عەباسی لەنێوان سەدەکانی (4ـ7ک/10ـ13ز) راستەخۆ نابێت, بەڵکو لەگەڵ  نیمچە دەوڵەت و میرنشین و هێزە ئیسلامییەکان دەبێت کە لەسەر خاکی موسڵمانان سەری هەڵدا بوو کە هەندێکیان گوێڕایەڵی خۆیان بۆ خەلافەتی عەباسی ڕاگەیاند بوو .

٢ـ توێژینەوەکە دەریخستووە سەلجوقییەکان دوای وەرگرتنی دەسەڵات هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتی خەزەرو گەیشتوونەتە هەندێک شوێن کەوا هیچ کەسێک پێشووتر نەگەیشتووە بە ئەم شوێنانە ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری لاواز بوونی وڵاتی خەزەر وهەڵگەڕانەوەو جیابوونەوەی هەرێمە دراوسێیە ملکەچەکانی ژێر دەستی خەزەر کە باج و سەرانەیان دەدا پێیان و سنوریان دەپاراستن لە هێرشەکانی دەرەکی.

٣ـ توێژینەوەکە روونی کردوتەوە کە خەزەرەکان پەیوەندییەکی باش و دۆستانەیان لەگەڵ خوارزمییەکان دا هەبوو پشتیان پێ بەستوونە لە بەڕێوەبردن و پاراستنی وڵاتەکەیان دژی دوژمن .

4ـ لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کەوا پەیوەندی میرنشینی شەدادی بە وڵاتی خەزەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میر (فضلون) ی یەکەمی شەدادی کە ئەم پەیوەندییەش زیاتر خۆی لە پەیوەندی ناکۆکی و هێرش بردن دەبینییەوە لەلایەن هەردوو لا ، بەڵام خەزەرەکان هێزو شکۆی میرنشینی شەدادیان بۆ دەرکەوت بۆیە بۆ بەرکەوتنیان لەگەڵ وڵاتی ئاران چیتر بە تەنیا پشتیان بەخۆیان نەدەبەست ،بەڵکو دەستیان کرد بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەرمەن و کەرەج دژی شەدادیەکان.

5ـ توێژینەوەکە جەختی کردۆتەوە کە پەیوەندی خەزەر لەگەڵ وڵاتی ئەندەلوس دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (4ک/10ز) کە خۆی لە ئاڵوگۆڕکردنی نامە دەبینیەوە لە نێوان (حەسدای کوڕی شبروط) وەزیری خەلیفە (الناصرالدین الله)لە ئەندەلوس کە سەر بە ئاینی جولەکە بوو و لەگەڵ یوسف پاشای خەزەر.

٥ـ توێژینەوەکە دەریخستووە کە خەزرەکان پەیوەندی رامیاریان لەگەڵ هیزو دەوڵەتی نا ئیسلامیەکاندا هەبووە لەوانە روسەکان کە دوای دامەزراندنی وڵاتەکەیان لە سەدەی(3ک /9ز) کەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ خەزەرەکان و بەشێکی فراوانی ناوچەکانی ژێر دەستیان بەسەرداگرتووە ، بەڵکو ناوەڕاستی سەدەی (4ک/10ز) توانیویانە شارەکانی خەزەر و پایەتەختەکەشیان داگیر بکەن ، کە ئەمەش بووە هۆکاری لاوازبوونی خەزەرەکان و سنورداربوونی دەسەڵاتیان .

٦ـ توێژینەوەکە روونی کردۆتەوە کە خەزەرەکان پەیوەندیەکی کۆنیان هەبوو لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ، سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی (1ک/7ز) لە کاتی شەرەکانی هرقل دژی فارسەکان، کە پەیوەندی دبلۆماسی و لێک تێگەیشتن لە نێوانیان دەست پێدەکات ، سروشتی پەیوەندییەکانی نێوانییان لایەنی سەربازی و ژنخوازی و هاوپەیمانی و ئاوەدانی و ئایینی لەخۆ گرتووە. بەڵام پەیوەندییەکانی بیزەنتی و خەزەر لە سەرەتای سەدەی(4ك/10ز)گۆڕانکاری بەسەر دادێت ، لە دۆستایەتی و دراوسێیایەتی دەبێتە دوژمنایەتی.

7ـ توێژینەوەکە دەریدەخات کە دەسەڵاتی رامیاری خەزەرەکان کۆتایی پێ دێت لە سەر دەستی مەغۆلەکان لەساڵی (617ک/1220ز) خاکەکەشیان دەبێتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی مەغۆلەکان ، لە دوای مردنی جەنگیزخان و دابەش بوونی میراتەکەی وڵاتی خەزەر دەبێتە بەشی جوجی خان و شانشینێکی لێ دروست دەبێت بە کۆمەڵێک ناو دەناسرێت ( القبيلة الذهبية، مملكة قفجاق، جوجي الوسي، مملكة باطو ، مملكة بركة، المملكة الشمالية ، مملكة اوزبك).

**پەراوێزەکان**

(1)ـ بخاری، شارێکی گەورەو ئاوەدانی وڵاتی ئەودیوی رووبار بوو، مەڵبەندی دەسەڵاتی سامانییەکان بوو، لەڕووی کەش و هەواوە شوێنێکی شێدار و میوە و ئاوی زۆری هەبوو خەڵکەکەشی هێرش بەر بوون ، رووبەرەکەی (١٢ فەرسەخ/72کم) بە (١٢ فەرسەخ/72کم) بوو، بە شورە دەورە درابوو لە نێویشی گوند هەبوو(مؤلف مجهول،1999، ص126).

(2)ـ اللان : وڵاتێکی فراوانە دەکەوێتە رۆخی ئەرمینیا نزیک باب الابواب، هەزار گوندی لەخۆ دەگرێت ، پاشاکەیان کرستیان بوون ، دانیشتوانەکەشی لە کرستیان و بت پەرست پێک هاتبوون ، بەشێکیان لە چیاکان دەژیان و بەشەکەی تریان لە دەشتەکان ،(مؤلف مجهول، حدود العالم ، 1999،ص142 ؛ ياقوت الحموي،5،8/1977) .

(3)ـ إيلغازی : نجم الدين کوڕی ارتق کوڕی اکسب تورکمانی ، خاوەنی ماردين ،خۆی و براکەی میر(سقمان) یەکێک بوون لە میرەکانی تاج الدولة(تتش) ی خاوەن شام، کە قودسیان پێ دەدات پاشان ایلغازی دەست بەسەر ماردین دا دەگرێت ، نجم الدين کەسێکی ئازاو بە تواناو شکۆمەند بووە، شەڕی خاچ پەرستانی کردووە و دەستی بەسەر حلب دا گرتووە ، پاش منداڵەکانی (رضوان بن تتش) دەستی بەسەر میافارقین و چەند شوێنێکی تردا گرتووە ، پێش مردنی بە یەک ساڵ، لە ساڵی(515ک/1121ز)کۆچی دوایی دەکات،(الذهبي،2006، 35/19 ؛ الصفدي،2000، 17/10).

(4)ـ دبيس بن صدقة : کوڕی منصور کوڕی دبيس کوڕی علی کوڕی مزیدی أسدی،باوکی(الاعز)میری (حلة)، یەکێک بوو لە بە تواناو ئازاکان،شارەزا بووە لە وێژە، لە دوای کوژرانی باوکی لە ساڵی(501ک/1108) بەدیل دەگیرێت و دەنێردرێتە بەغدا پاشان لە ساڵی(512ک/1118) ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە (حلة)، پاشان لە ساڵی(529ک /1135ز )تاوانبار دەکرێت بە کوشتنی خەلیفە (المسترشد)(513ـ529ك/1119ـ1135ز) و دەکوژرێت. (ابن خلكان،2،1977/ 263 ـ265 ؛ الزركلي،2002، 2/ 336).

(5)ـ تفليس: پایەتەختی هەرێمی کرجستانە(جۆرجیای ئێستا) ، شارێک بوو لە شاری باب الأبواب بچوکتربووە، دوو شورای لە قوڕ دروست کراوی هەبوو کە سێ دەرگاشی هەبوو ، خاکێکی بەپیت و خێراتێکی زۆری هەبووە لە ڕووی نرخی شتومەکەوەش زۆر هەرزان بووە(ابن حوقل،1992، ص340).

(6)ـ قتيبة بن مسلم الباهلي :کوڕی عمرو کوڕی الحسين، باوکی خصض، یەکێک بووە لە پیاوە ئازاو بەتواناکان، بۆ ماوەی سێزدە ساڵ والی خۆراسان بووە، توانی (بخاری و خوارزم و والري وسمرقند و فرغانة واالترك) فەتح بکات، بەڵام لە دوای مردنی خەلیفە ولید کوڕی عبدالملك لە ئومەوییەکان هەڵدەگەڕێتەوە و دەکوژرێت لە ساڵی(96ک/714ز)، (إبن خلكان، 1977،4/ 86 ،87 ؛ الصفدي، 2000، 146/24).

(7)ـ شاری ئیتل: پایەختی وڵاتی خەزەرە دەکەوێتە سەر ڕووباری ئیتل (الفولغا) نزیک باکوری استرخای ئێستا ، کە ئەم ڕووبارەش شارەکە دابەش دەکات بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەبەشی ڕۆژهەڵاتی شوێنی نیشتەجێبوونی موسڵمانەکان و بت پەرستەکانە،بەشی ڕۆژئاواکەشی شوێنی نیشتەجێبوونی پاشاو سوپاکەیەتی(ابن حوقل،1992،ص330 ؛ مؤلف مجهول،1999،ص143).

(8)ـ برذعة: شارێکی گەورەیە دەکەوێتە کۆتایی سنوری ئازربیجان، خاکێکی بەپیت و گونجاوی هەیە بۆ کشتوکاڵ ، ناوەکەی لە وشەیەکی فارسی هاتووە (بردەدار) کە بە واتای شوێنی (سپی) دێت (ياقوت الحموي،1977 ،379/1).

(9)ـ دبيل: شارێکە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای وڵاتی آران ، لەسەر ڕووبارێک بەناوی ڕووباری الكرد ، (ياقوت،1977 ،439/2).

(10)ـ كنجة : یەکێکە لە گەورەترین شارەکانی وڵاتی آران دەکەوێتە نێوان شارەکانی برذعة و شمكور(ابن خرداذبة،1889،ص119؛ ياقوت الحموي،1977، 171/2).

(11)ـ بيلقان: شارێکە دەکەوێتە دەشتایی نێوان ڕووباری الكر و آراس (ابن خرداذبة،1889،ص120).

(12)ـ باب الأبواب(دربند) : شارێکی گەورەیە دەکەوێتە سەر کەناری دەریای خەزەر ( قەزوین) لە بەرد دروست کراوە بە شێوەیەکی لاکێشەیی ئاوی دەریا بە دیواری دەکەوێت ، درێژیەکەی فەرسەخێک نابێت و پانتایەکەشی بەبەرزی تیرێک دەبێت ، دەرگای ئاسن و تەلاری زۆری هەبوو لەسەر هەر تەلارێک مزگەوتێک دروست کراوە (الادريسي،نزهة المشتاق،2002، ص ص 821 ،822 ؛ القزويني،د.ت، ص506).

(13)ـ ورثان : شارێکە دەکەوێتە کۆتا سنووری ئازەربیجان ماوەی نێوانی لەگەڵ دۆڵی روس(2 فەرسەخ/12کم) ، لەگەڵ بيلقانيش(7 فەرسەخ/42کم) ڕەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ نەژادی هونی ، ملکەچی وڵاتی خەزەر بوون و بەشێکی یەکێتی ئیمپراتۆریەتی خەزەرییان پێک هێنابوو، میرەکەیان (ئەلب ليوتور) لەگەڵ خاقانی خەزەر بوو(مؤلف مجهول،1999 ،ص120 ؛ ياقوت الحموي،1977 ،370/5 ،371).

(14)ـ شمكور: ئەم شارە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری (برذعة )بە دووری (66کم)(الاصطخري،1889 ،ص193).

(15)ـ شروان : ئەم شارە دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای دەریای قەزوین ، ڕووباری الكر ، لەلایەن انوشروان دروست کراوە(ياقوت الحموي،1977،3/339).

(16)ـ حەسدای بن شبروط: ابو يوسف لە شاری(قرطبة) لە ساڵی(298ک/910ز) لە بنەماڵەیەکی ناودار لە دایک بووە، کاری پزیشکی کردووە و بووەتە پزیشک لە بارەگای (عبدالرحمن الناصر)(300ـ351ک/912ـ961ز) ،هەروەها دایدەمەزرێنێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری دارایی وڵات پاشان دەیکاتە وەزیر بۆ کاروباری دەرەکی و پسپۆڕ بۆ چارەسەرکردنی ململانێیەکانی نێوان ئەندەلوس و بێزەنتە و ئیمپراتۆری ئەلمانی(أتوا) و قشتالەو ناڤارا دارجون لە شانشینە گاورییەکان لە باکوری ئیسپانیا، لە هەمان کاتیش دا پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی بەکارهێنا بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی کۆمەڵە جولەکە پەرش و بڵاوەکان کۆبکاتەوە لە سەرانسەری جیهان و دەست وەردات بۆ بەرژەوەندیان .(كيستلر،1991، ص68).

(17)ـ دون : شارێکی گەورەیە لە ئەرمینیا بە شورە دەورە دراوە کرستیانێکی زۆرو بازرگانی زۆری تێدابوو، ئەم شارە درێژ دەبێتەوە تاکو سنوری جزیرە و بە وڵاتی ڕۆمەکان دەگات ،(مؤلف مجهول، 1999، ص120).

(18)ـ جيلان: ناوی چەندین هەرێمە لە سەرووی طبرستانەوە کە گوندن لە مێرگی چیاکان،(ياقوت الحموي،1977، 201/2).

(19)ـ جرجان : شارێکی گەورەو بەناوبانگە لە نێوان طبرستان و وخراسان، (ياقوت الحموي ، 1977، 119/2 ).

(20)ـ طبرستان: هەرێمێکی فراوانە دەکەوێتە نێوان ڕەی و قومس و دەریای خەزەرو هەرێمی دەیلەم و چیا،(ياقوت الحموي،1977، 13/3).

(21)ـ باكو : شارێکە دەکەوێتە سەر دەریای خەزەر ، نزیک لەشاری شروان(ياقوت الحموي،1977 ،1 /328).

(22)ـ أذربيجان : ناوچەیەکی فراوانە کە لەباکوورەوە بە ڕووباري آراس و ڕۆژهەڵاتەوە بە وڵاتی دیلم کەیلان و لە باشورەوە بە هەرێمی چیاو عێراق و بەشێک لە جەزیرە سنوردارە (ياقوت الحموي،1977، 128/1).

(23)ـ شاری سەمەندەر: یەكێكە لە شارە بازرگانییە گەورەكانی خەزەر، دەكەوێتە نێوان شاری ئیتل و شاری باب الابواب، ماوەی هەشت ڕۆژ لە شاری ئیتل و چوار ڕۆژ لە باب الابواب دوورە (كسرى أنوشيروان) (501ـــ579ز) نۆژەنی كردۆتەوە لە كاتی گەیشتنی دەسەڵاتی بۆ ئەم شارە ( ابن الفقيه الهمداني، 1996،ص584 ؛ ياقوت الحموي،1977 ،253/3).

(24)ـ قرە قورم: دەكەوێتە ناوچەی(أوردو بانع) لە باكوری مەنغۆلیا نزیک چیاكانی(قرەقورم)، ئەم شارە لە سەر پاشماوەی یەكێک لە شارە مێژووییەكانی توركە(الايغور) یەكان بنیاتنراوە و ناوی(أوردوبانع) ی لێنراوە بەڵام بەهۆی نزیكیەوە لە چیاكانی(قرەقورم) بە ئەم ناوەوە دەناسرێت لە مێژوو.(الصياد،1980، 188/1).

(25)ـ اللكز :گوندێكە لە پشت دەربەند هاوسنوری خەزران ،لەلایەن (لكز بن يافث بن نوح) دروست كراوە(ياقوت الحموي،1977،5 /22).

(26)ـ سقسین: یەكێكە لە شارە گەورەكانی وڵاتی خەزەر،دەكەوێتە سەر رووباری (طنابرس) دانیشتوانەكەی موسڵمان بوون لە چل هۆزی غوز پێكهاتبوون ئەمە جگە لە بیانی و بازرگانان (الغرناطي،1993،ص136).

**7ـ لیستی سەرچاوەو ژێدەرەكان**

**یەكەم: سەرچاوەو ژێدەرەكان بە زمانی عەرەبی**


الادريسي: محمد بن محمد بن عبدالله،(ت :560هـ / 1165م) ،(2002)، نزهة المشتاق في إختراق ألافاق ،ط1، مكتبة الثقافة الدينية،القاهرة، عالم الكتب ، بيروت.

اسكندر: فايز نجيب ،(1987)، إستيلاء السلاجقة على عاصمة أرمينية(آني)(456هـ/1094م) ، دار نوبار للطباعة ، دار الفكر الجامعي للنشر، الاسكندرية.

الاصطخري: لأبي إسحاق إبراهيم بن محمد الفارسى،(ت:346هـ / 957م) ،(1937)،المسالك والممالك ،د.ط،مطبعة بريل،ليدن ـ الأصفهاني: محمد بن محمد الأصفهاني عماد الدين أبو حامد، (597هـ/ 1200م)، (2002) ، البستان الجامع لجميع تواريخ اهل الزمان ،تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري،ط1،المكتبة العصرية،بيروت.

الأصفهاني : علي بن محمد البنداري،(1979م)،تاريخ دولة آل سلجوق،دار الآفاق الجديدة،بيروت.

إبن أعثم: أبو محمد أحمد بن أعثم الكوفي(314هـ/927م)،(1991)، الفتوح،تحقيق:علي شيري،جزء8،دار الاضواء،بيروت.

أمين: حسين ،(1965)، تاريخ العراق في العصر السلجوقي ، المكتبة الاهلية ، بغداد .

الانصاري: شمس الدين محمد بن ابي طالب دمشقي،(727هـ/1327م)،(1865)، نخبة الدهر في عجائب البر والبحر،د.ن،بطرسبروج.

بارتولد : فاسيلي فلاديميروفتش،(ت:1349هـ/1930م) ، (1996)، تاريخ الترك في اسيا الصغرى ، ترجمة: أحمد السعيد سليمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

البلاذري: أبي العباس احمد بن يحيى بن جابر (ت: 279هـ / 892م)، (1987)، فتوح البلدان، تحقيق:عبدالله أنيس الطباع، د.ط ، مؤسسة المعارف،بيروت

إبن الجوزي: أبي فرج عبدالرحمن بن علي بن محمد،(ت:597هـ/1200م)،(1995)، المنتظم في تاريخ الملوك والامم،تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفي عبدالقادر عطا،ط2،دار الكتب العلمية،بيروت.

ابن الجوزي: (1998)،تنوير الغبش في فضل السودان و الحبش ، تحقيق: مرزوق علي ابراهم،ط1،دار الشريف،الرياض.

ابن الجوزي: (2006)،مشيخة ابن الجوزي، تحقيق: محمد محفوظ،ط3، دار الغربي الاسلامي،بيروت.

حافظ: حمدي،(1950)، الشرق الاسلامي قبيل الغز والمغولي ، دار الفكر العربي ، بيروت .

الحبيب: موسى جمعة سليمان،(2020)، العلاقات السياسية بين مملكة الخزر والدولة العباسية الاولى(132 ــ 232هــ/ 750ــ 847م)، مجلة جوان،المجلد(2)، العدد(6)

حسول: ابو علاء ،(2020)،تفضيل الاتراك على سائر الاجناد، تحقيق: عباس العزاوي ،دار المقتبس.

حلمي: أحمد كمال الدين،(1986)، السلاجقة في التاريخ والحضارة , دار السلاسل،الكويت ـ

ابن حوقل: أبو القاسم محمد بن علي (ت: بعد 377 هـ / 987 م )،(1992)،صورة الأرض د.ط، دار مكتبة الحياة،بيروت .

ابن خرداذبة: أبو القاسم عبيدالله بن عبدالله (ت :نحو 300 هـ / 912 م)، (1889) ، المسالك والممالك ،دار صادر، بيروت.

إبن خلكان : أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد،(ت:681هـ/1285م)،(1977)، وفيات الاعيان، تحقيق: إحسان عباس،ط7،دار صادر،بيروت.

الخوارزمي: أبو عبدالله محمد بن موسى ،(ت: بعدة 332هـ/847م)،(1939)، كتاب الجبر والمقابلة،تعليق:علي مصطفى مشرفة و محمد مرسي احمد،مطبعة فتح الله الياس نوري و أولاده،القاهرة.

(2017)، من تاريخ خوارزم، تحقيق: محمود محمد خلف ، دار الكتب العلمية،بيروت.

دانلوب: خ .د.م: (1990)، تاريخ يهود الخزر، ترجمة: سهيل زكار ،دار احسان،دمشق،بيروت.

الدواداري: أبو بكر بن عبدالله بن أيبك،(ت:بعد736هـ/1432م)، (1982)، كنز الدرر وجامع الغرر، تحقيق: بيرند راتكة وآخرون، عيسى البابي الحلبي،( د.م).

الذهبي: شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز، (ت:748ك/ 1347م)، (1993)، تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري،ط2،دار الكتاب العربي،بيروت.

(2006)، سير اعلام النبلاء، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا ،دار الحديث ،القاهرة.
الزركلي: خيرالدين،(2002)، الأعلام (قاموس تراجم،لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين)،ط15،دار العلم للملايين،بيروت.
رسول ، اسماعيل شكر، الامارة الشدادية الكردية في بلاد آران(340ـ595هـ/951ـ1098م)، (2001)، ط1،مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر ،أربيل .
الرمزي: م.م، (د.ت) تلفيق الاخبار وتلقيح الاثار في وقائع قازان وبلغار و ملوك التتار، الطبعة الكريميه الحسينية، أورنبورغ.
سبط ابن الجوزي: يوسف بن قزعلي بن عبدالله التركي البغدادي ،(ت:654هـ/1256م)، (2013 )، مرآة الزمان في تواريخ الاعيان،تحقيق:مجموعة المحققين،ط1،دار الرسالة العالمية،دمشق.
سعيد: جمال الدين ،(2013)، العصر الذهبي لمغول القبيلة الذهبية(مغول القفجاق)(654ـ 742هـ/1256ـ 1341م) رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة الجزائر، بوزريعة.
أبي سعيد المغربي: نور الدين أبو الحسن علي بن موسى العنسي،(ت: 610هـ/1286م)،(1970)،كتاب الجغرافيا تحقيق: اسماعيل العربي،ط1، المكتبة التجاري للطباعة والنشر،بيروت.
سميح: أحمد، (2014)، تاريخ جماعات اليهود واليهود في أفريقيا في العصر الحديث رؤية تاريخية جديدة ،مكتبة الأنجلو الميرية،القاهرة.
السيد: محمود،(2001)،التتار والمغول، مؤسسة شباب الجماعة، الاسكندرية.
شاكر: عبدالرحمن ، (1981)، دولة الخزر الجديدة (إسرائيل)، دار مصباح الفكر،بيروت.
الصفدي: صلاح الدين خليل بن أبيك (ت:764هـ/1363م)،(2000) ، الوافي بالوفيات، تحقيق:أحمد الارناؤوط وتركي مصطفى ،ط1،دار الأحياء التراث العربي،بيروت.
الصياد: فؤاد عبدالمعطي،(1980)، المغول في التاريخ، دار النهضة العربية، بيروت.
الطبري : أبي جعفر محمد بن جرير (ت:310هـ / 922م)،( 2016)، تاريخ الامم والملوك،تحقيق :مصطفى السيد و طارق سالم، ط 2، المكتبة التوفيقية،القاهرة.
عبدالحليم: رجب محمد،(1986)، إنتشار الاسلام بين المغول، دار النهضة العربية، بيروت.
ابن العبري: غريغوريوس أبو الفرج بن هارون الملطي ،(ت:685هـ/1286م)،(1986)، تاريخ الزمان، ترجمة: اسحاق ارملة ، دار المشرق، بيروت.
إبن العبري: (ت: 685هـ/1286م)،( 1992)،تاريخ مختصر الدول،بيروت.
ابن العديم: كمال الدين عمر بن أحمد بن هبة الله بن أبي جرادة ،(ت: 660هـ/1262م)، (د.ت )،بغية الطلب في تاريخ الحلب، تحقيق: سهيل زكار، د.ط، دار الفكر،بيروت.
ابن العديم:(1996)، زبدة حلب في تاريخ حلب، وضع حواشية :خليل المنصور، ط1، دار الكتب العلمية،بيروت.
عمران: محمود سعيد،(1997)، المغول وأوروبا ، دار المعرفة الجامعية ،الاسكندرية.
غريمال: بيار و اخرون، (1995)، موسوعة تاريخ أوروبا العام ،ترجمة:أنطوان الهاشم ،منشورات عويدات ، بيروت .
فراشري: شمس الدين سامي، (1888)قاموس الأعلام التركي،د.ط،مطبعة استانبول،أستانبول.
ابن الفقيه الهمداني: أبوعبدالله أحمد بن محمد بن إسحاق ( ت : 365هـ / 944 م)،( 1996) كتاب البلدان، تحقيق : يوسف الهادي ،ط1، عالم الكتب،بيروت.
القزويني: أبو عبدالله زكريا بن محمد بن محمود،(682هـ/1283م)،( د.ت)،آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، بيروت.
القلقشندي: أبو العباس شهاب الدين أحمد بن علي بن أحمد (ت:821هـ/1418م)،(1914) ، صبح الأعشى في صناعة الانشا، المطبعة الاميرية ، القاهرة .
ابن كثير: عمادالدين أبي الفداء إسماعيل بن كثير القرشي الدمشقي (ت: 774هـ/ 1373م)،( 2015)، البداية واالنهاية ، تحقيق: مجموعة من المحققين ،دار ابن كثير ،دمشق.
اللهيبي: عماد كامل مرعي ،(2012)، دور الأكراد في حماية المسلمين في بلاد القفقاس في القرنين الرابع والخامس الهجري،مجلة جامعة كركوك للدراسات الأنسانية،المجلد (7)، العدد(3).
اللهيبي: عماد كامل مرعي حسن، (2002)، العلاقات العربية الخزرية حتى نهاية العصر الاول، (22هـ/642م ـ 247هـ/ 861م)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب جامعة الموصل.
كيستلر: آرثر ، (1991)، القبيلة الثالثة عشرة ويهود اليوم ،ترجمة:احمد نجيب هاشم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
ماركار: (د.ت)، دائرة المعارف الاسلامي،مجلد 12، مادة سلجوق.
محمد: طارق منصور، ( 2001)، الروس والمجتمع الدولي،(945هـ/1054م)، ،ط1،مصر العربية للنشر والتوزيع ،القاهرة.
محمد:عمر يحيى ،(2006)، الفتح والتوسع السلجوقي في اسيا الصغرى في النصف الثاني من القرن الخامس الهجري / الحادي عشر الميلادي،مجلة جامعة الملك عبدالعزيز،الأداب والعلوم الانسانية ،مجلد(14).
المسعودي : أبي الحسن علي بن الحسين بن علي (ت: 346هـ/957م)،( 2005)، مروج الذهب، ومعادن الجوهر،اعتناء: كمال حسن مرعي، ط1، المكتبة العصرية، بيروت.
مسكويه : أبي علي احمد بن محمد بن يعقوب(ت:421هـ /1030م) ،(2003)، تجارب الامم وتعاقب الهمم ،تحقيق: سيد كسروي حسن،ط1، دار الكتب العلمية، بيروت.
المغربي:محمد عبدالشافي،(2002)، مملكة الخزراليهودية وعلاقتها بالبيزنطيين والمسلمين في العصور الوسطى،د.ط،دار الوفاء للدونيا ،الإسكندرية.
المقدسي: شمس الدين محمد بن أحمد بن أبو بكر البناء (ت :نحو380هـ/990م)، (1992)، البدء واالتاريخ،مكتبة الثقافة الدينية،بورسعيد.

المقدسي: أبو عبدالله محمد بن أحمد المقدسي البشاري(ت : 390 هـ / 1000 م) ، (1991) ، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، ط3، مكتبة مدبولي، القاهرة.
مؤلف مجهول: (ت:372هـ/982م)،(1999)، حدود العالم من المشرق الى المغرب،تحقيق: يوسف الهادي ، ط1، الدار الثقافة للنشر، القاهرة.
. مؤلف مجهول ،(1869)،عيون الحدائق في اخبار الحقائق ،د.ت،ابريل.
منجم باشي : أحمد بن لطف الله،(1958)،جامع الدول باب فى الشدادية، تحقيق: مينورسكى،كمبردج
النويري: شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب بن محمد،(ت:733هـ/ م)،(2004)،نهاية الأرب في فنون الأدب،تحقيق: عبدالمجيد ترحيني ،ط1 ، دار الكتب العلمية، بيروت.
نيكلسون: رينولد ألين ،(1933)،دائرة المعارف الاسلامية ، مجلة(1) ، مادة ، اتا ، مطبعة المصرية ،القاهرة.
ياقوت الحموي: شهاب الدين ابوعبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي (ت:626هـ /1229م) م)،(1993)،معجم الادباء ،تحقيق:احسان عباس،ط1،بيروت،دار الغرب الاسلامي.
( 1977) ،معجم البلدان ،د.ط، دار صادر ، بيروت.
اليونيني: قطب الدين ابو الفتح موسى بن محمد(ت:726هــ/1325م) ،(1992)ذيل مرآة الزمان ، عناية: وزارة التحقيقات الحكمية والامور الثقافية للحكومة الهندية، ط2، دار الكتاب الاسلامي ،القاهرة.

دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی
نیکیتن: واسیلی،(1998)، کوردو کوردستان، وەرگێر : خالیدی حسامی(هیدی)،چ1،چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین ، هەولێر.
سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی فارسی
برتولد: اشیولر،( 1373 ش )،تاریخ ایران درقرون نخستین اسلامي،ترجمة:مریم احمدی،چ2،چاپخانه، شكرت انتشارات علمي و فرهنگی،تهران.
بوسورث: ادموند،(1349ش )سلسله های اسلامي ،ترجمة:فرویدون بدرەای،تهران.
تتوی: أحمد ، (1382ش) تاریخ الفي، تحقیق: غلام رضا طباطبائي مجد، ، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ اول ،تهران.
ابن المستوفي: حمدالله ، (750هـ/1349م)،(1983)، تاریخ گزیده ، تحقیق: عبدالحسین نواي، چاپ سوم، امیر کبیر ، تهران .

**چوارەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**
. Jewish travellers,London1978Adler E.N ( -
. a history of the Eastern roman empire, London1912Bury(J.B),(
.A History of Russia for the Vinth century, London1962clarkson,Jesse( D),( -3
.A History of Russia,(Now jersy1977Dmytryshyn,Bassil,( -4
. History of the ussr, Mscow1977Hanna,( -5
.A History of the Vikings , London1968Kendrick,Tomas (D),( -6
.An Esconomic History of Russia, London1925Mavor,(J),( -7
. studies in cancasian History, oxford1968rsky, Vladimir,(0Min -8
Byzantium and the Khazars,aspecial Relation ship in byzantine 1992Noonan, Thomas Schaub,( -9
.Diplomacy,papers from the Twenty-four spring symposium of Byzantine studies ,cambridge, Hampshir
.Byzantine civilization, London1933Runciman,(S),( -10
**پێنجەم: سەرچاوەکان بە زمانی لاتینی**
,Breviarium Historicam De Rebas Gestis post imperium 1860Nicephorius,patriarch constantinholitani,(-1
.in potrologia Graece, paris944_ 875mauricii" Tomus.c.cols
.chrongraphia,incrpusscriptoru Historiae Byzantinae, Bonnae, Mdcccxxix1939Theophanis,( -2
**شەشەم: سەرچاوەکان بەزمانی فەرەنسی**

.LE Empire des stepps, paris1948Grousset(R),(-1

## العلاقة السياسية للخزر مع القوى المجاورة بين القرنين (4هـ7ـ/10هـ13م)

ئەژین هادی سعید
قسم التاريخ،كلية الآداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
azhin.saeed@su.edu.krd

فائزة محمد عزت
قسم التاريخ،كلية الآداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
fayza.izzat@su.edu.krd

**ملخص**

ان هذا البحث يلقي الضوء على (العلاقات السياسية للخزر مع القوى المجاورة في الفترة الواقعة بين القرون(4هـ7ـ/10هـ13م)، على الرغم من ان الخزر كانت في هذه الفترة في مرحلة الضعف مقارنة بالقرون السابقة إلا ان ذلك لم يمنعها في بناء علاقاتها السياسية مع الدول المجاورة ، لكن كانت تختلف عن الفترات التي سبقت القرن (٤هـ/١٠م) .

لم تكن علاقة الخزر مع الخلافة العباسية بشكل مباشر ، بل كانت مع الدول والامارات التي ظهرت نتيجة ضعف سلطة الخلافة ، كالسلاجقة والخوارزميين والامارة الشدادية والخلافة الاموية في الاندلس والاتابكة ، اما علاقتهم مع القوى الاسلامية الغير الاسلامية كالامبراطورية البيزنطية والتي تعود جذورها الى القرن(1هـ/7م) استمرت ، وكانت طبيعة العلاقة تتمثل في الحروب والمعاهدات والهدنة والزواج السياسي، ثم تتحول الى علاقات العدائية بعد القرن (4هـ/10م) ،وكذلك مع الروس الذين ظهروا على مسرح الاحداث السياسية في اوائل القرن(3هـ/9م) كانوا سبباً رئيسياً في اضعاف دولة الخزر حيث قاموا منذ نشأة دولتهم بمحاربة الخزر والتوسع على حسابهم، بل تمكنوا في اواسط القرن(4هـ/10م) من احتلال كافة مدنها و من ضمنها عاصمتهم .

و مع كل هذا نجد أن الدولة الخزرية كانت قائمة الى ظهور المغول على مسرح الاحداث في بداية القرن(7هـ/13م)، حيث بدأوا بالتوسعات نحو العالم الاسلامي الى أن سقطت دولتهم بيد المغول ، و اصبحت بلادهم جزءاً من امبراطورية المغول ، ثم بعد وفاة جنگيزخان وتقسيم ميراثه اصبحت بلاد الخزر من حصة جوجي خان و تأسست عليها مملكة عرفت باسماء متعددة منها : القبيلة الذهبية ، مملكة قفجاق، جوجي الوسى، مملكة باطو ،مملكة بركة ، المملكة الشمالية ، مملكة اوزبك.

**الكلمات الدالة:** الخزر ، العلاقات السياسية.

**th centuries AD7th and 4The Political relations of the Khazars with the surrounding forces between the**

Azhin Hadi Saeed
Department of History,Collage of Arts,Salahddin Univesity-Erbil
azhin.saeed@su.edu.krd

Fayza Mohammed Izzat
Department of History,Collage of Arts,Salahddin Univesity-Erbil
fayza.izzat@su.edu.krd

**Abstract**

This research sheds light on (the political relations of the Khazars with the neighboring powers in the period AD), Although the Khazars were in this period in a stage of weakness 13-10AH / 7-4between the centuries ( compared to previous centuries, but this this did not prevent them from building their political relationship with AD) The relationship 10AH/4neighboring countries,but they were different from the periods before the century( of the Khazars was not with the states and emirates that emerged as a result of the weakness of the authority of the Caliphate,such as the Seljuks , the khawarizmians, the shadadiya Emirate, the Umayyad Caliphate in Andalusia and Tabka lldekz,while their relationship with non- Islamic forces such as the Byzantine AD),it continued, and the nature of the continued, and The 7st century AH / 1Empire,which has its roots in the ( nature of the relationship was represented in wars, treaties,and political marriage, and then turned into hostile AD),as well as with the Russians who appeared on the stage of political events 10AH/4relations after the century( AD) They were a major reason for the weakening of the Khazar state, as 9AH / 3rd century(3in the early on in they fought the Khazars and expanded at their expense since the establishment of their state, and even managed AD), to occupy all its cities,including their capital of the And with all 10AH / 4In the middle of the century ( this, we find that the Khazar state existed until the appearance of the Mongols on the stage of events at the AD), when they began to expand towards the Islamic world until their state 13AH / 7beginning of the century ( fell into the hands of the Mongols, and their country became part of the Mongol empire, and then after the death of Genghis Khan And the division of his inheritance became the country of the Khazars from the share of Joji Khan, and a kingdom was established on it, known by several names, including: the Golden Horde, Qafjak .Kingdom, Jochi Al-Wasi, Batu Kingdom, Baraka Kingdom, Northern Kingdom, and Uzbek Kingdom

**Keyword:** Khazars, the political relation